# القضية الكردية في وثائق عصبة الأمم (١٩٢٤-١٩٣٢)

قارمان حيدر رحمان
قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين-أربيل
qaraman.rahman@su.edu.krd
سامان عمر حمد
قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين-أربيل
saman.hamad@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية:** عصبة الأمم، العراق، الموصل، الكرد، الانتداب .

**كيفية اقتباس البحث**
رحمان , قارمان حيدر , سامان عمر حمد , القضية الكردية في وثائق عصبة الأمم (١٩٢٤-١٩٣٢),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# The Kurdish Question in the Documents of the League of Nations (1924-1932)

Qaraman Haidar Rahman
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil
qaraman.rahman@su.edu.krd
Saman Omar Hamad
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil
saman.hamad@su.edu.krd

**Keywords** : League Nations, Iraq, Mosul, Kurdish, Mandate.

**How To Cite This Article**
Rahman ,Qaraman Haidar , Saman Omar Hamad ,The Kurdish Question in the Documents of the League of Nations (1924-1932) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

Following World War, I and the collapse of the Ottoman Empire, a fierce conflict arose between Britain (as the mandatory power in Iraq) and Turkey (as the Ottoman successor) over the fate of the Mosul Vilayet. This conflict turned the "Kurdish Question" into one of the major issues within the League of Nations. This study highlights that critical period in which the Kurds, representing the demographic majority of the region, were used as leverage in an international conflict that ultimately determined the political map of the region. Furthermore, it pays special attention to analyzing the transformation of Kurdish identity from an international perspective: transitioning from a demographic and statistical issue in 1924 to a legal and minority rights dossier in 1932. To present this topic, the research is divided into four main sections: The first section presents the Mosul conflict and the use of demographic statistics as a

pressure card. The second section analyzes the legal frameworks of the 1926 Treaty and the establishment of guarantees. The third section is dedicated to presenting the emergence of protests and the delivery of Kurdish petitions to the Mandates Commission (1930-1932). Finally, the research reaches several key conclusions, including: Britain pursued a policy of "political pragmatism" in Iraq; on the one hand, it exploited Kurdish aspirations to separate Mosul from Turkey, while on the other hand, after securing its own interests, it diluted the international guarantees provided to the Kurds. Ultimately, the 1925 report by the League of Nations' Commission of Inquiry laid an international legal foundation for Kurdish identity, establishing that Kurds are neither Turks nor Arabs, but rather a distinct people with their own national characteristics. Despite this, the League of Nations' failure to protect the very guarantees it had established resulted in an "uncertain fate" for the Kurds following Iraq's independence in 1932, the repercussions of which persist to this day.

**ملخص البحث**

بعد الحرب العالمية الأولى وانهيار الإمبراطورية العثمانية، نشأ صراع حاد بين بريطانيا (كقوة منتدبة في العراق) وتركيا (كوريثة للعثمانيين) حول مصير ولاية الموصل. هذا الصراع جعل "القضية الكردية" واحدة من الملفات الرئيسية داخل عصبة الأمم. تسلط هذه الدراسة الضوء على تلك المرحلة الحساسة التي استُخدم فيها الكرد، بصفتهم الأغلبية الديموغرافية في المنطقة، كورقة ضغط في صراع دولي حدد في النهاية الخريطة السياسية للمنطقة. كما تولي الدراسة اهتماماً خاصاً بقراءة التحول في الهوية الكردية من المنظور الدولي؛ من مشكلة ديموغرافية وإحصائية في عام ١٩٢٤، إلى ملف قانوني وحقوق أقليات في عام ١٩٣٢. ولعرض هذا الموضوع، قُسمت الدراسة إلى أربعة محاور رئيسية: يتناول المحور الأول صراع الموصل واستخدام الإحصاءات الديموغرافية كورقة ضغط. وفي المحور الثاني، يتم تحليل الأطر القانونية لمعاهدة عام ١٩٢٦ وتثبيت الضمانات. بينما خُصص المحور الثالث لعرض ظهور الاحتجاجات وإيصال الشكاوى الكردية إلى لجنة الانتدابات (١٩٣٠–١٩٣٢). وفي الختام، توصلت الدراسة إلى عدة نتائج رئيسية، منها: اتبعت بريطانيا "براغماتية سياسية" في العراق؛ حيث استغلت من جهة المطالب الكردية لفصل الموصل عن تركيا، ومن جهة أخرى، بعد تأمين مصالحها، قامت بإضعاف الضمانات الدولية للكرد. وأخيراً، وضع تقرير لجنة التحقيق التابعة لعصبة الأمم في عام ١٩٢٥ أساساً قانونياً دولياً للهوية الكردية، بإقراره أن الكرد ليسوا تركاً ولا عرباً، بل هم شعب يمتلك خصائصه القومية الخاصة. علاوة على ذلك، أدى فشل عصبة الأمم في حماية تلك

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

الضمانات التي وضعتها بنفسها إلى خلق "مصير مجهول" للكرد بعد استقلال العراق في عام ١٩٣٢، والذي لا تزال تداعياته مستمرة حتى يومنا هذا.

# دۆزی کورد لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی گەلان (١٩٢٤-١٩٣٢)


قارەمان حەیدەر ڕەحمان

بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر- هەرێمی کوردستان-عێراق

qaraman.rahman@su.edu.krd

سامان عمر حمد

بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر- هەرێمی کوردستان-عێراق

saman.hamad @su.edu.krd



پوختە

دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ململانێیەکی توند لە نێوان بەریتانیا (وەک هێزی ئینتیداب لە عێراق) و تورکیا (وەک جێنشینی عوسمانی) لەسەر چارەنووسی ویلایەتی موسڵ دروست بوو. ئەم ململانێیە وایکرد "پرسی کورد" ببێتە یەکێک لە دۆسیێیە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵەی گەلان. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ئەو قۆناغە هەستیارەی، تێیدا کورد وەک زۆرینەی دیمۆگرافیی ناوچەکە، وەک کارتێکی فشار لە ململانێیەکی نێودەوڵەتیدا بەکارهێنرا، دواجار نەخشەی سیاسیی ناوچەکەی دیاریکرد. لەگەڵیشیدا بایەخێکی تایبەتی داوە بە خوێندنەوەی گۆڕانی شوناسی کورد لە دیدی نێودەوڵەتییەوە؛ لە کێشەیەکی دیمۆگرافی و ئاماری لە ساڵی ١٩٢٤دا، بۆ دۆسیەیەکی یاسایی و مافی کەمینەکان لە ساڵی ١٩٣٢دا. بۆ خستنەڕووی ئەم بابەتەش، توێژینەوەکە دابەشی سەر چوار تەوەری سەرەکی کراوە: لە تەوەری یەکەمدا ململانێی موسڵ و بەکارهێنانی ئامارە دیمۆگرافییەکان وەک کارتێکی فشار خراوەتەروو. لە تەوەری دووەمدا شیکاریی بۆ چوارچێوە یاساییەکانی پەیماننامەی ١٩٢٦ و جێگیرکردنی گەرەنتییەکان کراوە. تەوەری سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان و گەیاندنی سکاڵاکانی کورد بۆ کۆمیسیۆنی ماندەیتەکان (١٩٣٠-١٩٣٢).لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتووەتە چەند دەرەنجامێکی سەرەکی، لەوانە:بەریتانیا "پراگماتیزمێکی سیاسی" لە عێراق پەیرەو کردووە؛ بەجۆرێک لە لایەک خواستی کوردی بۆ جیاکردنەوەی موسڵ لە تورکیا بەکارهێناوە، لە لایەکی دیکەش دوای دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی، گەرەنتییە نێودەوڵەتییەکانی بۆ کورد کاڵ کردووەتەوە. دواجار ڕاپۆرتی لێژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان لە

ساڵی ١٩٢٥ بناغەیەکی یاسایی نێودەوڵەتیی بۆ شوناسی کورد داناوە بەوەی کورد نە تورکە و نە عەرەب، بەڵکو گەلێکن خاوەن تایبەتمەندیی نەتەوەیی خۆیانن. سەرباری ئەمانە شکستی کۆمەڵەی گەلان لە پاراستنی ئەو گەرەنتییانەی، کە خۆی دایانابوون، بووە هۆی دروستبوونی "چارەنووسێکی نادیار" بۆ کورد دوای سەربەخۆیی عێراق لە ساڵی ١٩٣٢دا، کە لێکەوتەکانی تا ئێستاش بەردەوامن.

**ووشە سەرەکییەکان:** کۆمەڵەگەلان، عێراق، موسڵ، کورد، ئینتیداب.

## ١. پێشەکی:

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دۆزی کورد وەک پرسێکی نێودەوڵەتی هاتە ئاراوە. هەرچەندە پەیماننامەی سێڤر (١٩٢٠) ئاماژەی بە مافە سیاسییەکانی کورد کرد، بەڵام پەیماننامەی لۆزان (١٩٢٣) ئەو بەڵێنانەی فەرامۆشکرد و کوردستانی بەسەر دەوڵەتە نوێیەکاندا دابەشکرد، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی کورد و ناسەقامگیریی ناوچەیی.

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی زانستی شیکاری بۆ گۆڕانی شوناسی "پرسی کورد" دەکات لە چوارچێوەی بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی گەلاندا (١٩٢٤-١٩٣٢)؛ لە کێشەیەکی دیمۆگرافی و سیاسیی پەیوەست بە ململانێی موسڵەوە بۆ دۆسیەیەکی یاسایی تایبەت بە مافی کەمینەکان و گەرەنتییە نێودەوڵەتییەکان. ئامانجی سەرەکی بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی بەریتانیا و تورکیا لە بەکارهێنانی "کارتی کورد" و ڕوونکردنەوەی ئەو بنەما یاساییانەی، وەک گەرەنتی بۆ مافی کورد داڕێژران.

لە ئامادەکردنی توێژینەوەکە، میتۆدی وەسفی-شیکاری پەیرەو کراوە. ئەوەی پەیوەندیشی هەیە بە سنووری کاتیی بابەتەکە، دەکەوێتە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٤ کە تێیدا (کێشەی موسڵ دەخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان) تا ساڵی ١٩٣٢ ، ئەو کاتەی ماوەی ئینتدابی بەریتانیا کۆتایی دێت و عێراق سەربەخۆیی خۆی بەدەست دێنی ، دوای ئەوەی دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان .

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە چوار تەوەر سەرەکی پێکدێت: لە تەوەری یەکەم، باسێکی پوختی لەبارەی (کێشەی موسڵ و کێبڕکێی بەریتانیا و تورکیا لەسەر ناسنامەی کورد (١٩٢٤-١٩٢٥) خستۆتەڕوو. لە تەوەری دووەم، تیشک خراوەتە سەر( چوارچێوەی یاسایی و دامەزراندنی گەرەنتییەکان (١٩٢٥-١٩٢٦)). لە تەوەری سێیەم باس لە (سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان و گواستنەوەی دۆسێکە بۆ ئاستی نێودەوڵەتی (١٩٣٠-١٩٣٢)) دەکات. لە تەوەری چوارەمیش( هەڵوێستی کۆتایی کۆمەڵەی گەلان و چارەنووسی نادیاری کورد (١٩٣١-١٩٣٢)) دەخرێتەڕوو.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئەم توێژینەوەیە، پشت بە سەرچاوەی دەستی یەک دەبەستێت، لە سەرووی هەموویانەوە: بەڵگەنامە ئەرشیفییە بڵاونەکراوەکانی کۆمەڵەی گەلان (جنێڤ) و ئەرشیفی نیشتمانیی بەریتانیا، ڕاپۆرتی لێژنەی لێکۆڵینەوەی ١٩٢٥، زنجیرە ڕووماڵەکانی ڕۆژنامەی (تایمز)، شانبەشانی کۆمەڵێک تێزی دکتۆرا و توێژینەوەی ئەکادیمی بە زمانە جیاوازەکان.

## ٢.کێشەی موسڵ و چۆنیەتیی بەکارهێنانی کارتی کورد لەلایەن بەریتانیا و تورکیاوە:

دۆزی کورد لە عێراقی هاوچەرخدا، بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکییە گەورانەیە، کە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ناوچەکەیان گرتەوە. ئەم پرسە لە ڕووی مێژووییەوە، لەگەڵ کێشانی سنوورە نوێیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەژێر سایەی ئینتیدابی بەریتانیادا چەکەرەی کرد. کوردەکان، پێشتر لە چوارچێوەی ویلایەتە عوسمانییەکاندا بوون، لە پڕێکدا خۆیان لەبەردەم نەخشەیەکی نوێدا بینییەوە، کە دابەشیکردن بەسەر چەند قەوارەیەکی سیاسیی جیاوازدا (لازاریف، ٢٠١٣، ص١٠).

هۆکارەکانی دەرکەوتنی دۆزی کورد وەک پرسێکی سیاسی و نێودەوڵەتی، بۆ چەند خاڵێکی سەرەکی دەگەڕێنەوە؛ لەوانەش، بەڵێنە نێودەوڵەتییەکانی وەک "پەیمانی سێڤر" (١٩٢٠)، کە بۆ یەکەمجار ئاماژەی بە مافی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی کورد کرد و وایکرد کورد وەک بکەرێکی سیاسیی خاوەن ماف لە گۆڕەپانەکەدا دەربکەوێت (عیسی، ١٩٩٢، ص٥٩). هەروەها ململانێی بەریتانیا و تورکیا لەسەر "ویلایەتی موسڵ" هۆکارێکی دیکەی دەرکەوتنی ئەم پرسە بوون، لەسەر سەکۆیەکی نیودەوڵەتی؛ لەبەرئەوەی بەریتانیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەوتی و ستراتیژییەکانی لە عێراق و تورکیاش بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی وەک لە "میساقی میللی"(١)یەکەیدا هاتبوو، هەریەکەیان هەوڵیان دەدا پێکهاتەی کوردی وەک ئامرازێک بۆ سەلماندنی شەرعیەتی خۆیان بەکاربهێنن (حسین، ١٩٥٥، ص٤١). دواجار شکستی پەیمانی لۆزان (١٩٢٣) لە چارەسەرکردنی کێشەی سنوورەکان، وایکرد چارەنووسی ویلایەتی موسڵ و دانیشتووانە کوردەکەی، بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە و پرسەکەیان ببێتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی لەناو کۆمەڵەی گەلاندا (لازاریف، ٢٠١٣، ص٤٧٧).ئەمەش دوای ئەوەی گفتوگۆکانی نێوان بەریتانیا و تورکیا لە کۆنفرانسی ئەستەنبوڵ (ئایاری ١٩٢٤) گەیشتنە بنبەست، هەربۆیە کێشەکە بە فەرمی خرایە بەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە، (Туманян, 2016, с. 115). کۆمەڵەی گەلان لە(٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٤) بڕیاریدا لێژنەیەکی بێلایەنی نێودەوڵەتی پێکبهێنێت، تاوەکو لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی مەیدانییەوە "ڕاستییەکان و

خواستی دانیشتووان" بزانن (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١٧-١٨). لەم قۆناغەدا، هەردوو حکومەت یاداشتنامەی وردیان پێشکەشکرد بۆ پاساودانی داواکارییەکانیان . (Beck, 1981, p. 258) لێژنەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد، ئەرگۆمێنتی سەرەکی ئەم بابەتە، لەسەر بنەمای نەتەوەییە. بەجۆرێک "ئەگەر تەنیا بەڵگەی نەتەوەیی بە بنەما بگرین، دەرەنجامەکە دەبێتە هۆکاری دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، چونکە کورد پێنج لە هەشت بەشی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ پێکدەهێنن" (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١٣).

بەڵگەنامەکانی بەریتانیا لەو سەردەمەدا ئەوەیان دەرخست، لە کاتێکدا ئەوان بە ئاشکرا داکۆکییان لە مافەکانی کورد دەکرد بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی کۆمەڵەی گەلان، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا لە خەمی ڕێگری لەو بزاڤە ناسیۆنالیزمییە کوردییەدا بوون، کە ئەگەری هەبوو لەدەرئەنجامی پیادەکردنی ئەم سیاسەتەیان بەرامبەر بە کورد ڕووبەڕووی ببنەوە (Great Britain Foreign Office, 1927, FO 371/12255) . ئەوەی جێگەی سەرنجە، هەردوو لایەن پرسی کوردیان کردە چەقی بەڵگە و ئەرگۆمێنتەکانیان؛ تورکیا هەوڵیدا بیسەلمێنێت کوردەکان لە ڕەگەزی "تۆرانین" و بەشێکن لە نەتەوەی تورک، بەڵام لێژنەی لێکۆڵینەوە ئەمەی ڕەتکردەوە و جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی "کوردەکان زۆرینەی دانیشتووانن، ئەوان نە تورکن و نە عەرەب، بەڵکو زمانێکی ئاری قسە دەکەن" (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١٣). لەسەر ئەم بنەمایە، هەوڵدراوە لەم بەشەی خوارەوە توێژینەوەکە، تیشک بخرێتە سەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی "کارتی کورد" لەلایەن هەردوو حکومەتی بەریتانیا و تورکیا؛ بۆ سەلماندی ئەو نیەت و هەوڵانەی هەبوون لەلایەن هەردوو لایەنی ناکۆک لەسەر پرسی ویلایەتی موسڵ، لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە، بۆ ئەوەی وێنەیەکی جیاواز بۆ ناسنامە و خواستی سیاسیی کورد بکێشن.

### ١,٢ .دیدگای بەریتانیا لەبارەی کورد وەک زۆرینەیەکی عێراقخواز:

لە چوارچێوەی ململانێیە دیپلۆماسییەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم، پرسی ویلایەتی موسڵ وەک یەکێک لە ئاڵۆزترین دۆسیەکان لە نێوان بەریتانیا و تورکیادا مایەوە(Demirci, 2010, p. 60) ، کە تێیدا بەریتانیا وەک هێزێکی ئینتیداب، پێگەی کوردی وەک فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بۆ چەسپاندنی هەژموونی خۆی و لکاندنی موسڵ بە دەوڵەتی نوێی عێراقەوە بەکارهێنا . (Jalil, 2017, p. 45) ئەم پرۆسەیە لەسەر جۆرێک لە "دژبەیەکی سیاسی" داڕژرابوو، چونکە گوتاری فەرمی و میدیایی بەریتانیا لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ بۆ ١٩٢٥ گۆڕانکارییەکی جەوهەریی بەسەردا هات؛ بە جۆرێک ڕۆژنامەی (تایمز) لە ساڵی ١٩١٩دا کوردەکانی وەک "هێرشبەر"، "تاڵانچی پیشەگەر" و گەلێکی "کێوی و دەرچوو لە یاسا" وێنا

دەکرد و دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی بە "مەحاڵ" و دروستکردنی "هێلانەی جەردەکان" وەسف دەکرد (The Times, 1919a, p. 11; The Times, 1919b, p. 11)، کەچی لە ساڵی ١٩٢٤دا هەمان ئەو شوناسە و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیانی وەک "ئامرازێکی گوشاری یاسایی" بۆ قایلکردنی کۆمەڵەی گەلان و داپڕینی موسڵ لە تورکیا بەکار هێنا (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٠١). هاوشان لەگەڵ ئەم گۆرانکارییانەدا، لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠دا لە ڕێگەی لیژنەی بریتانی-ئەرمەنییەوە هەوڵی داڕشتنی نەخشەیەکی نوێیدا، تێیدا داوای لکاندنی ناوچە کوردییەکانی وەک (دیاربەکر، هەکاری، وان، مووش و ئەرزەرۆم) کرد بۆ ئەوەی بخرێنە سەر سنووری جوگرافی دەوڵەتی ئەرمەنیا ، بەمەبەستی بچووککردنەوەی قەوارەی سیاسی تورکیا. بەلام پێچەوانەی ئەم کۆششە سیاسی و فەرمیانەی هەبوون، ڕۆژنامەی (تایمز) خۆی بەدوورگرت لە دانان بە نەخشە و "جوگرافیای کوردستان"، بەڵکو ئەم ڕۆژنامەیە کوردەکانی تەنها وەک "توخمێکی نائەرمەنی" لە ناو دانیشتووانێکی تێکەڵاودا ناساند . (The Times, 1920a, p. 11) لە بەرامبەر ئەم ئاڕاستە فەرمییەدا، هەندێک دەنگی ئایینی و مرۆیی وەک (چارلز گۆر) هۆشدارییاندا لەوەی، کە نابێت "کوردە موسڵمانەکان" بکرێنە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و بەپێویستی زانی، کوردەکان وەک گەلێکی چەوساوە سەیر بکەن و لە ژێر چەتری حوکمڕانیی ستەمکارانەی تورک ڕزگاریان بکەن(The Times, 1920b, p. 6)

سەرباری دەرکەوتنی هەندێ هاوسۆزی لەلایەن نیوەندە نافەرمییەکانی بەریتانیا، بەلام حکومەتەکە لەسەر هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بەکورد جێگیر و بەردەوام بوو. هەر بۆیە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی لۆردانی بەریتانیا لە حوزەیرانی ١٩٢٠ لۆرد کرزنی وەزیری دەرەوە، گوتارێکی لەم بارەیەوە پێشکەشکرد ، کە وەک ستراتیژیی سیاسی بەریتانیا بۆ چارەنووسی ویلایەتی موسڵ خرایەڕوو. کرزن لەم گوتارەدا بە ئاشکرا باسی لەوە کرد، کوردەکان هیچ خواستێکیان نیە لە ویلایەتی موسڵ جیاببنەوە؛ هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ وابەستەیی بازرگانی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان ، ئەمەش داڕشتنێکی پێشوەختە بوو بۆ ڕەواییدان بە لکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە (The Times, 1920c, p. 14) . بەریتانیا لەو کاتەی هەوڵیدەدا ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە بلکێنێ، لەهەمان کات مەترسی ئەوەی هەبوو ، کوردەکان سوود لەم دەرفەتە وەربگرن و سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن و لە عێراق جیاببنەوە و ئەمەش ببێتە هۆکاری دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی؛ لەبەرئەوەی بە پرِوای حکومەتی بەریتانیا، دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە عێراق، مەترسیی لەسەر بەرژوەندییەکانی بەریتانیا لەم وڵاتە دروست دەکات (Great Britain Foreign Office, 1927, FO 371/12255). سەرەنجام ئەم دڵەڕاوکێیە لە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠دا گۆڕا بۆ

ستراتیژییەکی سەربازیی توند و هاوشێوەی پێشنیازەکەی ساڵی ١٩١٩ی ڕۆژنامەی (تایمز)، حکومەتی بەریتانیا فڕۆکەی بەکارهێنا و بۆ سەرکوتکردنی بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی کورد لە شاخەکانی کوردستان (The Times, 1919b, p. 11). ئەم ئاراستە سیاسی و سەربازییە دواتر لە ڕاپۆرتی لێژنەی کۆمەڵەی گەلاندا ڕەنگی دایەوە؛ بەهۆیەوە بەریتانیا بەڵێنیدا بە درێژکردنەوەی ماوەی ئینتیدابی لەسەر عێراق بۆ ٢٥ ساڵی زیاتر دوای لکاندنی موسڵ بە عێراق، وەک تاکە ڕێگە بۆ پاراستنی مافی کورد و ئاسایشی ناوچەکە، لەبەرئەوەی بە پرِوای کۆمەڵەی گەلان، بە بێ ئەم چاودێرییە کوردەکانی عێراق، لە نێوان بیری ناسیۆنالیزمی توندڕەوی عەرەبی و تورکیدا، ڕووبەڕووی چارەنووسێکی نادیار دەبوونەوە (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٤٧).

پرسی ویلایەتی موسڵ، لە دوای شکستی کۆنفرانسی لۆزان (١٩٢٢-١٩٢٣) ، لەدوای ڕێککەوتنی بەریتانیا و تورکیا ڕەوانەی کۆمەڵەی گەلان کرا (Yildiz, 2007, p. 12). کاتێک پرسەکە چووە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، حکومەتی بەریتانیا ستراتیژییەکی فرەڕەهەندی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاماری دیمۆگرافی و گوتاری میدیاییەوە گرتە بەر. لەم سۆنگەیەوە، ڕۆژنامەی (تایمز) ی بەریتانی لە تشرینی دووەمی ١٩٢٤دا، پێکهاتەی دیمۆگرافیی ناوچەکەی وەک "کلیل"ی چارەسەر ناساند؛ بەپێی ئامارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە، کورد بە ٤٢٥ هەزار کەس، زۆرینەی ڕەهای ویلایەتەکەی پێکدەهێنا. لە کاتێکدا ژمارەی عەرەب ١٨٥ هەزار و تورک تەنها ٦٠ هەزار کەس بوو . (The Times, 1924c) ئەم گوتارە میدیاییە تەنها چەند ڕۆژێک دوای پێکهێنانی لێژنەی لێکۆڵینەوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاڕاستەکردنی کارەکانی لێژنەکە بەرەو "مافی کەمینەکان" و "شوناسی نەتەوەیی کورد" دروستکرد. بەریتانیا لە ڕێگەی ئەم بانگەشەوە هەوڵیدا وا نیشان بدات؛ کوردەکان تەنها داوای ئارامی و ئازادیی کارگێڕی دەکەن و لەبەر دەرفەتی پاراستنی زمان و فەرهەنگیان، عێراقیان لە تورکیا پێ پەسەندترە. هاوکات، بەریتانیا "کارتی کوردی" وەک فشارێکی سیاسی بەکار هێنا؛ ئەویش بە ئاماژەدان بە نیگەرانیی کوردانی موسڵ، لە ئاست سیاسەتی سڕینەوەی شوناس لە تورکیای کەمالیستدا، تاوەکو کۆمەڵەی گەلان قایل بکات؛ مانەوەی موسڵ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، تاکە گەرەنتییە بۆ پاراستنی نەتەوەی کورد و کەمینە مەسیحییەکان (The Times, 1924c).

ئەم ئاڕاستە میدیاییە، تەواوکەری ئامارە مەیدانییەکانی ساڵی ١٩٢١ی ئەفسەرە بەریتانییەکان بوو. بەپێی ئەو سەرژمێرییە؛ ژمارەی کورد (بە یەزیدییەکانیشەوە) گەیشتە ٤٥٤,٧٢٠ کەس. ئەم ژمارەیە دوو هێندەی عەرەب و نزیکەی حەوت هێندەی تورکمان بوو (League of Nations, 1924, pp. 13–14). گرنگیی ئەم ئامارانە لە ڕاپۆرتی کۆتایی لێژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان دەرکەوت. لێژنەکە بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند:

"ئەگەر تەنیا بەڵگەی نەتەوەیی بە بنەما بگرین؛ دەرەنجامەکە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆیە، چونکە کورد پێنج لە هەشت بەشی دانیشتووان پێکدەهێنن" (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١٣). لێرەوە دەردەکەوێت بەریتانیا چۆن قورسایی دیمۆگرافیی کوردی وەک پاساوێکی یاسایی بۆ داپرینی موسڵ لە تورکیا و لکاندنی بە عێراق بەکار هێناوە.

ئەم ئامارانەی بەریتانیا ئاماژەن بۆ پیادەکردنی "دیپلۆماسیەتی ژمارەکان" بە مەبەستی یەکلاییکردنەوەی ململانێ جیۆپۆلیتیکییەکەی نێوان تورکیا و بەریتانیا و عێراق. بەریتانیا بە سەرنج خستنە سەر کەمیی ڕێژەی تورکمانەکان، بنەمای داواکاریی تورکیای بۆ ناساندنی موسڵ وەک ناوچەیەکی تورکی لاواز کرد. هاوکات تێکەڵکردنی یەزیدیەکان و هەروەها پێکهاتەی شەبەک لەگەڵ نەتەوەی کورد، ستراتیژییەکی سیاسی بوو، بۆ گەورەکردنی "بلۆکی کوردی" بەرامبەر پێکهاتەکانی تر، تا شەرعیەتی لکاندنی موسڵ بە عێراق بەدەستبێت. لێژنەی لێکۆڵینەوە لەمبارەیەوە جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی ئەم پێکهاتانە سەرەڕای جیاوازیی ئایینی، "بە زمانێکی کوردی دەدوێن و لە ڕووی مرۆڤناسییەوە لە کورد دەچن" (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١٧١).

لەلایەکی دیکە بەریتانیا بە توندی بانگەشەی "تورکی شاخاوی"بوونی کوردی ڕەتکردەوە. لێژنەی لێکۆڵینەوەش پشتیوانیی ئەم تێڕوانینەی کرد و لە ڕاپۆرتەکەیدا چەسپاندی؛ کوردەکان گەلێکی جیاوازن و "زمانێکی ئاری قسە دەکەن و لە زمانی فارسییەوە نزیکن نەک تورکی(کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١٣). بەم شێوەیە، بەریتانیا بنەمای ڕەگەزیی داواکاریی تورکیای بۆ لکاندنی موسڵ پووچەڵکردەوە و کوردی وەک فاکتەری سەرەکیی جیاکەرەوە بەکار هێنا (League of Nations, 1924, p. 16; Şahin & Akboğa, 2018, p. 991).

حکومەتی بەریتانیا لە عێراق بۆ دەستەبەرکردنی شەرعیەتی نێودەوڵەتی، لە تەک بەڵگە دیمۆگرافی و جوگرافییەکاندا پەنای بۆ 'شوناسی سیاسی' و 'مافی چارەی خۆنووسین' برد؛ ئامانجی لەم هەوڵە، قایلکردنی کۆمەڵەی گەلان بوو بەوەی لکاندنی موسڵ بە عێراق ڕەنگدانەوەی ویست و ئارەزووی ڕەسەنی دانیشتووانەکەیە، بەتایبەت کورد، وەک پێکهاتەی سەرەکی و زۆرینەی ناوچەکە. بەریتانیا لە بەڵگەنامەیەکی ساڵی ١٩٢٤دا تیشکی خستە سەر خواستی سیاسیی کوردەکان؛ بەپێی ئەو بەڵگەیە دوای کشانەوەی تورکیا لە ڕواندز لە (نیسانی ١٩٢٣)دا، سەرۆک هۆزە کوردەکان بە ئارەزووی خۆیان خواستی چوونە ناو دەوڵەتی عێراقیان دەربڕیوە. تەنها مەرجیشیان بۆ لکاندیان بە عێراقەوە، بریتی بووە لە گەرەنتییکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی و دامەزراندنی کاربەدەستی کورد لە ناوچەکانیاندا، حکومەتی عێراقیش بە خێرایی ئەم داواکارییانەی

جێبەجێ کرد (Cox and Dobbs, 1954, p. 92; League of Nations, 1924, p. 16). بەریتانیا بۆ پشتڕاستکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە، ئاماژەی بە ئەنجامی دوو ڕاپرسیی گرنگ کرد؛ یەکەمیان ڕاپرسیی ساڵی ١٩١٩ بوو کە تێیدا ناوچە کوردییەکان داوای یەکگرتنی هەرسێ ویلایەتەکەیان لە عێراق کردبوو (حسين، ١٩٥٥، ص٣). دووەمیشیان ڕیفراندۆمی ساڵی ١٩٢١ بوو، تێیدا سەرجەم ناوچە کوردییەکان جگە لە شاری کەرکووک، بە یەکدەنگی دەنگیان بۆ لکاندنیان بە عێراقەوە دابوو (League of Nations, 1924, p. 16). سەرەڕای ئەم بانگەشەی کۆدەنگییە، لێژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی(١٩٢٥) لە ڕاپۆرتەکەیدا گومانی خستە سەر شەرعیەتی ڕاپرسییەکان؛ بەو پێیەی ولآتەکە لەو کاتەدا لەژێر داگیرکاریی سەربازیدا بوو، نەدەتوانرا وەک بەڵگەی تەواوی ئازادیی ڕاوبۆچوون سەیر بکرێن (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٥٤). لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانی لێژنەکە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سەرکردە کوردەکان ڕاستییەکی تریان دەرخست؛ ئەمیش دەربڕینی ئەم 'خواستە' بە تەواوی مەرجدار بووە و کوردەکان تەنیا بە مەرجی بوونی ئیدارەی کوردی، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە خوێندن و دادگاکاندا و خەرجکردنی داهاتی ناوچەکەیان بۆ خزمەتی ناوخۆ، لکاندنیان بە عێراقەوە قبووڵ کردبوو (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٨٩).

دەسەلاتدارانی بەریتانیا لە عێراق، بۆ ڕاکێشانی هاوسۆی کورد و بەدەستهێنانی پشتگیرییان بۆ دەوڵەتی عێراق، ئامرازی جۆروجۆریان بەکارهێنا، لەمانەش دروستکردنی کاریگەریی لەسەر خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیاوە. لەم سۆنگەوە لە ساڵی ١٩٢٤ لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، کە خۆیان خاوەنداریَتیان دەکرد لە شاری سلێمانی، دەستیان بە هەوڵێکی چر کرد، بۆ ئامادەکردنی زەمینەی دەروونیی کوردەکان و ناشرینکردنی وێنەی تورکیا ؛ مەبەست لێی قایلکردنی لێژنەی لێکۆڵینەوە بوو بە ئاییندەی گەشی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا (مەحمود، ٢٠٢١، ل ١٦٥). ئەم هەنگاوە گوزارشتی لەو "پراگماتیزمە سیاسییە" کرد؛ بەریتانیا تێیدا خواستی کوردی وەک کارتێکی گوشار دژی تورکیا بەکاردەهێنا و هاوکات سروشتی مەرجداری ئەو خواستەشی فەرامۆش دەکرد. لەم چوارچێوەیەدا، لێژنەی لێکۆڵینەوە لە ئەنجامگیریی کۆتاییدا هۆشداریيدا؛ بێ جێبەجێکردنی مەرج و گەرەنتییەکان، ڕەنگە زۆرینەی کورد حوکمی تورکیا لە مانەوە لە دەوڵەتێکی عێراقیی ناسەقامگیردا بە باشتر بزانن (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٩٠). لێرەوە دەردەکەوێت؛ "کۆدەنگیی کورد" بۆ چوونە ناو عێراق بڕیارێکی ڕەها نەبووە، بەڵکو گرێبەستێکی سیاسیی مەرجدار بووە لەسەر بنەمای مافی نەتەوەیی و کارگێڕی (الحمداني، ٢٠٠٢، ص١٣). هاوکات، پاساوە سیاسییەکانی بەریتانیا لەسەر بنەمایەکی ئابووریی پتەو داڕژرابوون؛ بەو پێیەی ویلایەتی موسڵ وەک "کۆگای دانەوێڵەی ولآت" و بەشێکی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دانەپراوی عێراق دەناسێنرا. لێژنەی لێکۆڵینەوەش ئەم تێڕوانینەی پشتڕاستکردەوە؛ چونکە تەنانەت لە ساڵانی پێش جەنگی جیهانیی یەکەم، زۆرینەی هەناردەی موسڵ بەرەو باشوور بووە. بۆ نموونە؛ تەنها لە ساڵی ١٩٠٧دا نرخی دانەوێڵەی نێردراو بۆ بەغدا گەیشتووەتە ١٣٦,٠٠٠ لیرەی تورکی، ئەمەش بەڵگەی ئەو پەیوەندییە مێژووییە دێرینە بوو (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٢٦).

بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان وەک تووتن و گوێز و کشمیش، لە بازاڕەکانی موسڵ و کەرکووکدا بەرامبەر کاڵا هاوردەکراوەکانی بەسرە ئاڵوگۆڕ دەکران. ئەم پەیوەندییە ئابوورییە پتەوە وای کردبوو جیابوونەوەی موسڵ لە عێراق وەک کارەساتێکی ئابووری بۆ هەردوولا وێنا بکرێت. لێژنەی لێکۆڵینەوە لە شیکردنەوەی بارودۆخی سلێمانیدا جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی، ئەم لیوایە بەهۆی بەربەستی چیاکانەوە توانای بازرگانیی لەگەڵ تورکیادا نیە و بە تەواوی پشت بە بازاڕی بەغدا دەبەستێ (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٣٥). ئەم بۆچوونە جوگرافییە پاڵپشتی ئەو بانگەشەیەی دەکرد ، کە ئاماژەی بەوە دەکرد ڕووباری دیجلە "شادەمارێکی سروشتی" بازرگانیی کوردە. لێژنەکە لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوە دا؛ گواستنەوەی دانەوێڵە و دار و تەختە لە ڕێگەی "کەلەک"ەوە بە ڕووباری دیجلەدا، هەرزانترین و گونجاوترین ڕێگای گەیاندنی بەرهەمی باکوورە بۆ بازاڕەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٣٠). بەم پێیە، دروستکردنی هەر سنوورێک لە نێوان موسڵ و بەغدا دەبێتە بەربەستێکی دەستکرد لەبەردەم ئەم خۆشگوزەرانییە سروشتییەدا. بەڵام بەڵگەنامەکانی ساڵی ١٩٢٧ ڕوونیان کردەوە؛ ئەم یەکێتییە ئابوورییە زۆرجار بەهۆی سنوورە کێشراوەکانی بەریتانیاوە تێک دەچێ؛ چونکە جووڵەی قاچاخچییە کوردەکان بۆ دەربازبوون لە باج و گومرگ، مەترسی و ئاستەنگی بۆ سەقامگیریی ڕێگا بازرگانییەکان دروستکردوە (Great Britain Foreign Office, 1927, FO 371/12255).

بەریتانیا هێڵە سنوورییە پێشنیازکراوەکەی بە "نزیکەی نموونەیی" وەسفکرد؛ چونکە پشتبەستن بە زنجیرەچیایەکی بەرز و سەخت "دیوارێکی سروشتی" بۆ جیاکردنەوەی ناوچە ئابووری و نەتەوەییەکانی عێراق لە تورکیا پێکدەهێنا. لەسەر ئەم بنەمایە لێژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان لە ئەنجامگیرییە جوگرافییەکانیدا ئەم تێڕوانینەی پشتڕاستکردەوە و بە ڕاشکاوی نووسی: "ئەو سنوورەی حکومەتی بەریتانیا داوای دەکات، لەڕووی تۆپۆگرافیاوە باشترین سنوورە " (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٣٤). لە بەرامبەردا، پێشنیازەکەی تورکیا بۆ دانانی زنجیرە چیای حەمرین وەک سنوور، بەغدای پایتەختی دەخستە ژێر مەترسییەکی ڕاستەوخۆی سەربازییەوە، بۆیە لێژنەی لێکۆڵینەوە دوای پشکنینی مەیدانی ڕەخنەی لەو داواکارییە گرت؛ بەو پێیەی چیاکانی

حەمرین "زنجیرەچیایەکی مەزن نین، بەڵکو تەنها زنجیرەیەک گردۆڵکەی کەم بایەخن و وەک بەربەستێکی ستراتیژی سوودیان نییە". دواجار لێژنەکە جەختیکردەوە؛ بەخشینی موسڵ بە تورکیا و دانانی حەمرین وەک سنوور، نەک هەر مەترسیی بۆ سەر بەغدا دروست دەکات، بەڵکو یەکپارچەیی دەوڵەتی عێراقیش لەناو دەبات (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٧١).

لێژنەی لێکۆڵینەوە سەرەڕای جەختکردنەوەی لە باڵادەستیی ستراتیژیی ئەم "دیوارە سروشتییە"، ئاماژەی بە لایەنە نەرێنییەکانی بۆ نەتەوەی کورد کرد؛ بەوپێیەی سنوورە جوگرافییەکە پەیوەندییە نەتەوەییەکانی دەپچڕاند و خێڵە کوردەکانی بەسەر دوو دەوڵەتدا دابەش دەکرد (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٤١). گرنگیی ستراتیژیی ئەم سنوورە بۆ ماوەیەکی درێژ، بووە جێگەی سەرنجی کارگێڕانی بەریتانی لە عێراق و تا ساڵی ١٩٢٧ کۆمیساری باڵای عێراق سەرقاڵی دۆکیۆمێنتکردنی ئاستەنگەکانی سەقامگیرکردنی ناوچە سەختەکان و هەماهەنگی لەگەڵ لێژنەی سنوور بوو؛ ئامانج لێی پاراستنی ئاسایشی ناوچە شاخاوییە کوردییەکان بوو (Office of Great Britain, 1927, CO 730/119/10). هاوتەریب لەگەڵ ئەم هەوڵە مەیدانییانە، شا فەیسەڵی یەکەم (١٩٢١-١٩٣٣) وەک پشتگیرییەک بۆ دیپلۆماسییەتی بەریتانیا لە کۆمەڵەی گەلان، لە وتاری کردنەوەی پەرلەماندا (٢٧ی ئاداری ١٩٢٤) تیشکی خستە سەر مێژووی دێرین و پێکهاتە جیاوازەکانی ناوچەکە و بە فەرمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی وەک نوێنەری چوار لە کۆنترین گەلانی جیهان ناساند؛ ئەوانیش عەرەب، کورد، جوو و کلدۆ-ئاشوورییەکان بوون (The Times, 1924b, p.2). ئەم هەڵوێستە دەری دەخست؛ پادشا و حکومەتی عێراق هەوڵیانداوە، کورد وەک "گەلێکی ڕەسەن و خاوەن مێژوو" پێناسە بکەن؛ ئامانجی ئەم گوتارە سیاسییە گشتگیرەش، داپرینی کورد بوو لە شوناسی تورکی و لکاندنیان بە دەوڵەتی نوێی عێراقەوە.

## ٢,٢ .دیدگای تورکیا: کورد وەک بەشێک لە یەکێتیی تورکی-کوردی:

حکومەتی تورکیا لە وەڵامی یاداشتنامەکەی بەریتانیادا، یاداشتنامەیەکی پێشکەشی کۆمەڵەی گەلان کرد؛ تێیدا هەموو بەڵگەکانی بەریتانیای ڕەتکردەوە و هەوڵی دا وێنەیەکی جیاواز بۆ پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچەکە بکێشێت. تورکیا ئامارەکانی بەریتانیای بە "زیادەڕەویکراو" و "نادروست" وەسفکرد و جەختی لەسەر ئامارە فەرمییەکانی خۆی کردەوە و کە تێیدا ، کورد و تورکی وەک یەک یەکەی دیمۆگرافیی یەکگرتوو ناساند بوو. تورکیا بانگەشەی ئەوەی کرد؛ لە ئامارەکانی بەریتانیا ژمارەی عەرەب چوار هێندە زیاد کراوە و ژمارەی تورکمان بە ڕێژەی ١٣٠٪ کەم کراوەتەوە (Turkish Government, 1924, C. 494, p. 17-18) حکومەتی تورکیا لە

یاداشتنامەکەیدا ، بۆ سەلماندنی پەیوەندیی مێژوویی لەگەڵ کورد، پشتی بە "ئینسایکلۆپیدیای بریتانیکا" بەست، تاوەکو بیسەلمێنێت کوردەکان ڕەچەڵەکی "تووورانی"یان هەیە و لە بنەڕەتدا تورکن؛ ئەمەش هەوڵێک بوو بۆ نیشاندانی کورد وەک پێکهاتەیەکی نزیک لە تورک، نەک گەلێکی جیاواز (Turkish Government, 1924, C. 494, p. 18). ئەم هەوڵەی تورکیا ئامانجی کەمکردنەوەی شایستەیی سیاسیی کورد و لێسەندنەوەی شوناسی نەتەوەیی سەربەخۆ بوو؛ تێڕوانینێکی هاوتەریب بوو لەگەڵ مێنتاڵیتیی کۆلۆنیالیستیی ئەو کاتەی بەریتانیا. پێشتر وەک ئاماژەی پێکراوە، ڕۆژنامەی (تایمز) لە ساڵی ١٩١٩دا بۆچوونێکی لەم جۆرەی لەیەکێک لە ژمارەکانیدا بڵاوکردەوە و کوردەکانی وەک هۆزێکی "شاخاوی، کێوی و دەرچوو لە یاسا" وێنا کرد (The Times, 1919b, p. 11). لەم گوتارە میدیاییەدا، ئاسڵستان ڕایلی (Athelstan Riley) دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی بە مەحاڵ زانی؛ چونکە بە بڕوای ئەو، دروستبوونی دەوڵەت لە چیاکانی کوردستان، تەنها بە واتای دروستکردنی "هێلانەیەک بۆ جەردە و تاڵانچییە پیشەگەرەکان" دەهات (The Times, 1919b, p. 11).. ئەم بەراوردکارییە دەریخست هەردوو زلهێزەکە لەسەر "بێ نرخکردنی سەروەریی سیاسیی کورد" هاورا بوون. تورکیا لە ڕێگەی "تۆرانیزم" و بەریتانیاش (لانی کەم لە ئاستی میدیایی و گوتاری ساڵی ١٩١٩دا) بە "وەسفکردنی کورد بە تاڵانچی و کێوی"، هەوڵی بێبەشکردنی ئەم نەتەوەیەیان لە مافی چارەی خۆنووسین دەدا. هەرچەندە هۆکارەکانیان جیاواز بوون؛ تورکیا بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی "میساقی میللی"(١) و بەریتانیاش بۆ پاساودانی پێویستیی "ئینتیداب و چاودێری" بە مەبەستی کۆنتڕۆڵکردنی ناوچەکە، پەنایان بۆ ئەم جۆرە وێناکردنە بردبوو. لێژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان لە کاتی سەردانی عێراق لە ساڵی ١٩٢٥دا، ئەم تێڕوانینە تورکییەی بە توندی ڕەتکردەوە و جەختی لەسەر "ئاری"بوونی زمانی کورد و جیاوازییان لە تورکەکان کردەوە (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١٤٥). لێژنەکە تەنانەت ئاماژەی بە جیاوازیی ئاستی ئازادیی ژنی کورد و شێوازی ژیانی خێڵەکییان کرد، بەجۆرێک هیچ گونجانێکیان لەگەڵ کۆمەڵگەی تورکیدا نەدۆزیەوە (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١٥٥). بۆ بەرپەرچدانەوەی بانگەشەکانی ئەنقەرە، ڕۆژنامەی ژیانەوە(٢) (وەک زمانحاڵی ئینگلیز) لە یەکێک لە ژمارەکانیدا جەختی لەسەر سەرکوتکردنی کوردانی تورکیا و ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران کردەوە؛ ئامانجی ئەم هەنگاوەشدا، ناساندنی تورکیا بوو، وەک بکوژی کوردانی باکوور نەک پارێزەریان (مەحمود، ٢٠٢١، ل ١٦٦). سەرەنجام کۆمەڵەی گەلان پشتگیریی شێوازی دیمۆگرافیای بەریتانی کرد، چونکە لێژنەی لێکۆڵینەوە گەیشتبووە ئەو بڕوایەی، کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و "نە تورکە و نە عەرەب" و ناتوانرێت لە ناو شوناسی تورکیادا بتوێنرێتەوە (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١٣). ڕاپۆرتە ناوخۆییەکانی فەرمانگەی دەرەوەی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٧دا، مەترسیی ئەوەیان

دەریری، کە بانگەشەی "تۆرانیزم" و پروپاگەندە ئایینییەکانی تورکیا لەگەڵ هەندێک توخمی خێڵەکیی کورددا، ڕەنگە ببێتە هۆی تێکدانی سەقامگیریی نەخشە تازەکەیان لە عێراقدا (Great Britain Foreign Office, 1927, FO 371/12255).

لە لایەکی دیکە، لە ململانێ دیپلۆماسییەکانی بەریتانیا و تورکیا لەسەر چارەنووسی ویلایەتی موسڵ؛ پرسی "خواستی دانیشتووان" وەک کارتێکی فشاری کاریگەر دەرکەوت. هەردوولا لە هەوڵێکی بەردەوامدا بوون تاوەکو کۆمەڵەی گەلان قایل بکەن؛ زۆرینەی دانیشتووان، بەتایبەت پێکهاتەی کورد، لەگەڵ تێڕوانینە سیاسییەکانی ئەواندا هاوران. ئەم ململانێیە شەرعیەتی ڕاپرسییەکان و ڕاستی و دروستیی ئامارەکانی کردبووە چەقی گفتوگۆکانی لێژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی.لەو چوارچێوەیەدا، تورکیا بە توندی ئەو بانگەشەیەی ڕەتکردەوە؛ گوایە کوردەکان مەبەستیانە بچنە پاڵ دەوڵەتی عێراق. لە بەرامبەردا، ئەنقەرە پشتی بە هەندێک ڕاپۆرتی خودی بەریتانیا دەبەست؛ بۆ نموونە ئاماژەی بەوە کرد؛ دانیشتووانی لیوای سلێمانی بە نزیکەی یەکدەنگی هەر جۆرە لکاندنێکیان بە حکومەتی عێراقەوە ڕەتکردووەتەوە و داوای مانەوەیان لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی بەریتانیادا کردووە. (Turkish Government, 1924) تەنانەت تورکیا بۆ چەسپاندنی وێنەی "یەکێتیی نەتەوەیی تورک و کورد"؛ سوودی لە کەسایەتییە کوردییە لایەنگرەکانی بینی. لەم سۆنگەوە شەکری کایا، وەزیری دەرەوەی تورکیا، لەبەردەم پەرلەمانی وڵاتەکەیدا، بەرگریی لە هەندێ کەسایەتی کوردی خەڵکی سلێمانی کرد و وەک "نیشتمانپەروەری تورک" ناساندیانی. ئامانجی لەم کارەشیدا ، نیشاندانی ئەوە بوو؛ سەرکردە و ناودارانی کورد (تەنانەت خزمە نزیکەکانی شێخ مەحموودی حەفید) خوازیاری گەڕانەوەی سلێمانی و کەرکووکن بۆ سەر خاکی تورکیا. بە کورتی تورکیا دەیویست لە ڕێگەی ئەم "کارتە کوردییەوە" شەرعیەت بداتە داواکارییەکانی لەبەردەم لێژنەی لێکۆڵینەوەدا (The Times, 1925).

ئەم هەوڵانەی حکومەتی تورکیا بۆ فریودانی لێژنەکەی کۆمەڵەی گەلان بێ ئەنجام بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی لێژنەکە تێبینییکرد؛ هەڵوێستی خەڵکی سلێمانی زیاتر لە ئارەزووی سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی نەتەوەییەوە سەرچاوەی دەگرت، نەک مەیلی گەڕانەوە بۆ لای تورکیا، بەڵام تورکیا ئەمەی وەک کارتێکی فشار دژی شەرعیەتی عێراق بەکارهێنا (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢،ل٦٢). هەروەها تورکیا جەختی کردەوە لەسەر پرۆسەی ڕیفراندۆمی دامەزراندنی شا فەیسەڵ لە ساڵی (١٩٢١) وەک پادشای عێراق و ئاماژەی بەوە کرد، لیوای کەرکووک بەهۆی بەشدارینەکردنی لەم پرۆسەیە، سەلماندویەتی کە دژی لکاندنیەتی بە عێراق (عەلی، ٢٠١٠،ص٣٧٣) بەهۆی ئەم ناکۆکییانە، تورکیا پێداگریی

لەسەر ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی گشتی لە ناوچەکە لەژێر چاودێریی نێودەوڵەتیدا کرد.(Turkish Government, 1924,p.16)

داواکاریی تورکیا بۆ ڕیفراندۆم، بەریتانیای خستە دۆخێکی دیپلۆماسیی سەختەوە؛ چونکە دۆسیە هەواڵگرییە ناوخۆییەکانیان ترسێکی قووڵیان لە کاریگەریی هەستی ئایینیی لایەنگری تورکیا یان پێگەی شێخ مەحموود نیشاندا (Great Britain Foreign Office, 1927; Great Britain Colonial Office, 1930). بەم شێوەیە، بەریتانیا لە نێوان دروشمە دیموکراسییەکان و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆیدا، ڕووبەڕووی پارادۆکسێکی سیاسی بویەوە. ئەم دۆخە لە وتارێکی ڕۆژنامەی (تایمز)ی ساڵی ١٩٢٤دا ڕەنگی دایەوە؛ کاتێک کردنەوەی یەکەمین پەرلەمانی بەغدای وەک نیشانەی جێگیربوونی دەسەڵاتی شا فەیسەڵ و پاشەکشەی تورکیا نیشاندا. بەریتانیا پەرلەمانی وەک بەڵگەی یەکگرتوویی نەتەوەیی بەکاردەهێنا؛ چونکە نوێنەرانی کورد و تورکمانی تێدابوو. ئەمە ئامرازێکی دیپلۆماسی بوو بۆ سەلماندنی ئەوەی؛ ویلایەتی موسڵ بەشێکی دانەبڕاوی عێراقە. هاوکات بەریتانیا هەوڵیدا واقیعێکی نوێ بسەپێنێت؛ ئەویش نیشاندانی کۆتاییهاتنی سەردەمی چەکداریی هۆزەکان و دەستپێکی "یاسا و کارگێڕی" بوو. بەپێی وتارەکە؛ جوتیاران چیتر تفەنگ هەڵناگرن و متمانەیان بە ئاسایشی دەوڵەت هەیە. بەڵام لە پشت ئەم وێنە مەدەنییەوە؛ هێزێکی سەربازیی گەورە ئامادە کرابوو. وتارەکە دانی بەوەدا نابوو؛ ئەرکی پاراستنی سنوورەکانی باکوور و سەرکوتکردنی نائارامییە کوردییەکان لە ئەستۆی هێزی ئاسمانیی شاهانەی بەریتانیادایە. ئەمە دەریدەخست؛ بەریتانیا لە لایەک کورد وەک بەشێک لە پرۆسەی سیاسی نیشان دەدا، بەڵام لە لایەکی ترەوە بە هێزی ئاسمانی؛ هەوڵی سەرکوتکردنی هەر جووڵەیەکی نەیاری دەدا.(The Times, 1924,p.1)

ململانێی دیاریکردنی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ، لە پاڵ ڕەهەندە سیاسی و دیمۆگرافییەکان، ڕەهەندێکی ئابووریی قووڵیشی لەخۆگرتبوو؛ هەردوو لایەنی ناکۆک هەوڵیان دەدا ڕەوایەتیی مێژوویی و بازرگانیی ناوچەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربهێنن. لەو سۆنگەیەوە، تورکیا بانگەشەی بەریتانیای سەبارەت بە وابەستەیی ئابووریی موسڵ بە عێراقەوە ڕەتکردەوە و موسڵی بە ناوەندێکی بازرگانیی دێرینی سەر ڕێگەی ئەنادۆڵ و سووریا و ئێران دادەنا. هاوکات، ئەنقەرە جەختی لەوە کردەوە؛ پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەستنەوەی موسڵ بە بەندەرەکانی دەریای ناوەڕاستەوە، پەیوەندییەکانی ناوچەکەی لەگەڵ باکووردا کاریگەرتر دەکات بەراورد بە بەسرە لە باشوور (Turkish Government, 1924, C. 494, p. 20-21). لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد؛ سەرەڕای خێرایی هێڵی ئاسنی نسیبین بەرەو دەریای ناوەڕاست بۆ گەیاندنی کاڵای ئەورووپی، بەڵام هێشتا ڕێگەی ئاوی بەرەو

بەغدا وەک شادەماری گواستنەوەی دانەوێڵە و بەرهەمە قورسەکان ماوەتەوە (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٠٥-٢٠٦).

لە قۆناغی سەرەتایی خستنەڕووی کێشەی موسڵدا، دۆزی کورد بووە کەرەستەیەکی سەرەکیی ململانێی دیپلۆماسیی نێوان بەریتانیا و تورکیا. بەریتانیا وێنەی کوردێکی عێراقخوازی پیشان دەدا و چارەنووسی ئابووری و سیاسییانی بە بەغداوە دەبەستەوە؛ لە بەرامبەردا تورکیا هەوڵی دەدا نزیکیی ڕەگەزی و مێژوویی کورد لە تورک و خواستی سیاسییان بۆ جیابوونەوە لە عێراق بسەلمێنێت. ئەم ناکۆکییە قووڵەی سەر ناسنامە و خواستی کورد، زەمینەی ناردنی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە ڕەخساند؛ لێژنەی ناوبراو دواتر داوای گەرەنتیی تایبەتی بۆ کورد کرد وەک مەرجێکی بنەڕەتیی چارەسەرکردنی کێشەکە، لە ڕاپۆرتەکەیدا جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی، بێ دابینکردنی گەرەنتیی لایەنی کارگێڕی و زمان، لکاندنی موسڵ بە عێراقەوە سەقامگیریی درێژخایەن فەراهەم ناکات (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٤٧). ئەم مەرجانە وەک باجێکی یاسایی بۆ لکاندنی موسڵ بە عێراقەوە دیاریکران، بەڵام بەڵێنەکانی بەرپرسانی بەریتانیا بە تێپەڕبوونی ساڵان بەرەو کاڵبوونەوە چوون، بەتایبەت لە کاتی هەنگاوانی عێراق بەرەو سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩٣٢دا (Great Britain Colonial Office, 1927, CO 730/119/10; Great Britain Colonial Office, 1931, CO 730/169/8).

٣,٢ :کاری لێژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان:

دوای پێشکەشکردنی یاداشتنامە دژبەیەکان، ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان گەیشتە ئەو باوەڕەی؛ بڕیاری دادپەروەرانە تەنها لەسەر بنەمای بەڵگە نووسراوەکان ئەستەمە . هەر بۆیە بڕیاری پێکهێنانی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەتیدا؛ ئامانج لێی سەردانیکردنی مەیدانیی موسڵ و ئامادەکردنی ڕاپۆرت بوو لەسەر ڕاستییەکان و خواستی دانیشتووان (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١٧). لێژنەکە لە سێ کەسایەتیی بێلایەنی ئەورووپی پێکهاتبوو: کارل ئی. ئەف وێرسێن (سوید) وەک سەرۆک، کاونت پاوڵ تێلێکی (مەجارستان) و کۆلۆنێل ئەلبێرت پۆلس (بەلجیکا) (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١١). گەیشتنی ئەم کۆمیسیۆنە بۆ بەغدا لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥ و دواتر بۆ موسڵ لە ٢٧ی هەمان مانگدا، ناوچەکەی کردە شانۆیەکی دیپلۆماسیی چڕوپڕ (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٢). لە کاتێکدا لێکۆڵەرەکان هەوڵی تێپەڕاندنی پروپاگەندە فەرمییەکانیان دەدا، ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی بەریتانیا ئاماژەیان بە هەوڵی فراوانی ئیدارە خۆجێییەکان دەکرد بۆ کۆنترۆڵکردنی بەرنامەی گەشتی لێژنەکە؛ مەبەست لێی پاراستنیان بوو لە هەر



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

جووڵەیەکی نەیاری وەک کوردانی لایەنگری تورکیا یان ناسیۆنالیستە دژە ئینتیدابەکان.(Great Britain Foreign Office, 1927, FO 371/12255)

هاتنی لێژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان بۆ عێراق لە ساڵی ١٩٢٥؛ کۆمەڵێک ئاستەنگی سیاسی و مەیدانیی بەدوای خۆیدا هێنا. یەکێک لە کێشە هەرە دیارەکان؛ دیاریکردنی کارمەند و وەرگێڕەکانی سەر بە لێژنەکە بوو. حکومەتی تورکیا هەریەک لە "نازم بەگی کەرکووک" و "فەتاح بەگی سلێمانی" وەک وەرگێڕ و پسپۆڕ ناساندبوو؛ بەڵام بەریتانیا بەهۆی پێشینەی سیاسییان و تێوەگلانیان لە هاندانی خەڵک دژی ئینتیداب، ڕەتیکردنەوە. ئەم ململانێیە لەسەر ناسنامەی وەرگێڕەکان؛ متمانەی نێوان هەردوو لایەنی بەریتانیا و تورکیای بە تەواوی لەناو برد و کارە دیپلۆماسییەکانی لێژنەکەی ئاڵۆز کرد .(The Times, 1925, p. 9) لە دەرەنجامی ئەم گرژییانە لە شاری موسڵ؛ حکومەتی عێراق بڕیارێکی فەرمیی بۆ قەدەغەکردنی هەموو جۆرە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەیەکی جەماوەری دەرکرد. هەرچەندە حکومەت بیانووی ئەم سەرکوتکردنەی بۆ پاراستنی ئ ئارامیی کارەکانی لێژنەکە گێڕایەوە؛ بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بڕیارە ئامرازێک بوو بۆ کپکردنی دەنگی ناڕازیی کورد و لایەنگرانی تورکیا. بەم هەنگاوە، دەسەڵاتداران هەوڵیاندا لێژنەی لێکۆڵینەوە تەنها ئەو گێڕانەوانە ببیستێت؛ لە بەرژەوەندیی ستراتیژیی بەریتانیا و عێراقدا بوون (The Times, 1925, p. 9).

کاری لێژنەی لێکۆڵینەوە لە سەرتاوە ئاسان نەبوو؛ ئەندامانی لێژنەکە لە نێوان کانوونی دووەم و ئاداری ١٩٢٥دا لە عێراق بوون و ڕووبەڕووی کەشوهەوایەکی سیاسیی یەکجار ئاڵۆز و پڕ لە گرژی بوونەوە. لەو ماوەیەدا، هەردوو لایەنی بەریتانی-عێراقی و تورکی هەوڵێکی زۆریاندا تا کاریگەری لەسەر دانیشتووان دروستبکەن و بۆچوونی لێژنەکە بەرەو لای بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕابکێشن. هێرشکردنە سەر خۆپیشاندەرانی لایەنگری تورکیا لە شاری موسڵ ئەم ڕووداوە بوو، کە گرژییەکانی گەیاندە لوتکە. ئەم پێکدادانە لە کاتی هاتوچۆی ژەنەڕاڵ جەواد پاشا (نوێنەری تورکیا) لەگەڵ کاونت تێلێکی (ئەندامی لێژنەکە) ڕوویدا؛ کاتێک کۆمەڵێک خەڵک کۆبوونەوە و دروشمی "بژی تورکیا"یان دەگوتەوە، پۆلیسی عێراق بە توندی و بە دار و شەق ڕووبەڕوویان بووەوە. تەنانەت تێلێکی ئاماژەی بە پەلاماردانی پیاوێکی بەتەمەن لەلایەن پۆلیسەوە و لەبەردەم چاوی ئەودا کرد؛ ئەمەش بووە هۆی وەستاندنی کاتیی کارەکانی لێژنەکە (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٨-٢٩).

بەگشتی ڕەفتارەکانی پۆلیسی عێراق، ئاستەنگییەکی گەورەی بەردەم لێژنەکە بوو؛ چونکە توندوتیژییان بەرامبەر ئەو دانیشتووانە پەیڕەو کرد، کە دروشمیان بۆ تورکیا دەگوتەوە. ئەم ڕەفتارانە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر ئازادیی دەربڕینی ڕاوبۆچوونی خەڵکەکە هەبوو (کۆمەڵەی نەتەوەکان،

٢٠١٢، ل ٢٩). ئەم لێکۆڵینەوە مەیدانییە تەنها سەرژمێرییەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو هەڵسەنگاندنێکی جیۆپۆلیتیکیی گرنگ بوو بۆ زانینی ئاستی توانای تێکەڵکردنی دانیشتووانی کورد بە دەوڵەتی نوێی عێراق و دیاریکردنی ڕادەی توانای گەرەنتییە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاراستنی تایبەتمەندیی کورد لە ناو قەوارەی عێراقدا.

ئەم بارودۆخە سەلماندی؛ دەربڕینی ئازادانەی ڕاوبۆچوون لە ژێر ئەو جۆرە فشارانەدا، کارێکی یەکجار ئەستەمە-League of Nations, 1925, pp. 8) (9لێژنەکە بە ڕاشکاوی هەستی بە چاودێریی توندی پۆلیس کرد. تەواوی هاتوچۆکانیان بە تەلەفۆن ڕاپۆرت دەکران. ئەم دۆخە ترس لای زۆربەی شایەتحاڵەکان دروستکرد؛ ئەوان تەنها بە نهێنی و دوور لە چاوی چاودێرە حکومییەکان دەیانتوانی ڕاستییەکان باس بکەن (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٣١-٣٣).هاوکات دۆسیە هەواڵگرییەکانی بەریتانیا نێوەگلانی دەسەڵاتدارانی ئینتیداب لە "جەنگی سێبەر" و پروپاگەندەی چڕ سەلماند. کە ئەوان بە وردی چاودێریی سەرۆک هۆزە کوردەکانیان کردووە ؛ ئامانجیش لێی هاوتایی گەواهیدانەکانە بوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا. لە هەمان کاتدا هەر جووڵەیەکی لایەنگری تورکیایان سەرکوت دەکرد.(Great Britain Foreign Office, 1927, FO 371/12255) ئەم گرژییانە لە ڕاپۆرتە نهێنییەکانی تایبەت بە سلێمانی بە خراپتر دەردەکەوتن؛ چونکە بەریتانییەکان هەوڵیاندا، هاوسەنگییەکی سەخت لە نێوان سیستەمی داگیرکاری و نیشاندانی وێنەیەکی "بێلایەن" بپارێزن (Great Britain Colonial Office, 1930, CO 730/7).

ڕاپۆرتی کۆتایی لێژنەکە لە تەمموزی ١٩٢٥، بەڵگەنامەیەکی مێژوویی یەکجار گرنگە. ئەمە یەکەم هەوڵی نێودەوڵەتیی بێلایەنە بوو، بۆ تێگەیشتن لە خواستی نەتەوەی کورد. لێژنەکە بە ڕاشکاوی دانی بە ڕاستییەکاندا دانا، کە کورد پێکهاتەی سەرەکیی ناوچەکەیە. ڕاپۆرتەکە جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی "کوردەکان زۆرینەی دانیشتووانن؛ ئەوان نە تورکن و نە عەرەب، بەڵکو زمانێکی ئاری قسە دەکەن(کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١٣).لێژنەی لێکۆڵینەوە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی دانیشتووانی ناوچەکە، بەتایبەت کوردەکان، یەکهەڵوێست نەبوون لەسەر لکاندنیان بە تورکیا یان عێراق. کوردانی ناوچە سنوورییەکانی وەک زاخۆ و ئامێدی بەهۆی پەیوەندیی خێڵەکی و ئایینی مەیلیان بۆ لای تورکیا هەبوو؛ لە بەرامبەردا؛ ڕۆشنبیران و دانیشتووانی شارەکانی وەک سلێمانی و هەولێر لکاندنیان بە عێراق پەسەند کرد؛ بەڵام ئەم هەڵوێستەیان تەنیا بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانیان بوو لەژێر چاودێریی بەریتانیادا (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٨٨-٨٩). هاوکات؛ بەشێکی زۆری کورد تەنیا خوازیاری ئارامی و سەقامگیری بوون؛ بۆیە جۆری ئیدارە و پاراستنی ئاسایش لای ئەوان گرنگتر بوو لە شوناسی دەوڵەتەکە. لێژنەکە ئاماژەی بەوە کرد؛ ئەم دابەشبوونە نیشانەی شکستی هەردوو دەوڵەت (تورکیا و عێراق) بوو لە


(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەدەستهێنانی متمانەی تەواوی کورد، بێ پێدانی گەرەنتیی سیاسیی ڕوون.(League of Nations, 1925, p. 88)

سەرەڕای ئەم جیاوازییانە؛ خاڵێکی هاوبەش و یەکلاکەرەوە لە نێوان زۆربەی کوردەکاندا هەبوو؛ ئەویش خواستی "خۆبەڕێوەبەریی ناوخۆیی" بوو. کوردەکان داوای دامەزراندنی کاربەدەستی کوردیان دەکرد؛ هەروەها جەختیان دەکردەوە لەسەر بەفەرمیکردنی زمانی کوردی لە خوێندن و کارگێڕی و دادگاکاندا ؛ تا داهاتی ناوچەکەیان بۆ گەشەپێدانی ناوخۆیی خەرج بکرێت (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٨٩). شاند و نوێنەرانی کورد لە سلێمانی، کەرکووک و هەولێر ئەم داوایەیان گەیاندە لێژنەکە. لێژنەی لێکۆڵینەوەش لە ڕاپۆرتی کۆتاییدا جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی پێویستە ئەم خواستەی کورد بە هەند وەربگیرێت. ئامۆژگاریی فەرمیی لێژنەکە بریتی بوو لە دامەزراندنی بەڕێوەبەری کورد و ناساندنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمیی لە تەواوی  دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١٣).

ئەم هەڵوێستەی لێژنەکە ئەوەی دەرخست؛ شوناسی نەتەوەیی کورد و داواکارییە کارگێڕییەکانیان ببوونە فاکتەرێکی سەرەکی. کۆمەڵەی گەلان لە کاتی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ویلایەتی موسڵ نەیدەتوانی چاوپۆشی لەم ڕاستییە بکات. لێژنەکە گەیشتبووە ئەو بڕوایەی؛ سەقامگیریی ناوچەکە بە ڕێزگرتن لەم تایبەتمەندییە نەتەوەییەوە بەستراوەتەوە . هاوتەریب لەگەڵ داڕشتنی ئەم چوارچێوە یاساییە مەرجدارە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بەریتانیا لەسەر زەوی ستراتیژییەکی "هێزی نەرم"ی بۆ ئاڕاستەکردنی ڕای گشتیی کورد پەیڕەو کرد. ئەم دوو ڕەهەندە یاسایی و میدیاییە پێکەوە، ئامانجیان چەسپاندنی شەرعیەت بوو بۆ لکاندنی موسڵ بە عێراق؛ وەک چۆن لە دەرەنجامەکانی لێژنەی لێکۆڵینەوە و جووڵە میدیاییەکانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگی دایەوە (League of Nations, 1925, p. 89) . ئەنجامگیرییە مەرجدارەکەی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی (١٩٢٥) خاڵی وەرچەرخانی ململانێکە بوو؛ لێژنەکە لکاندنی ویلایەتی موسڵی بە عێراقەوە بەستەوە بە جێبەجێکردنی دوو مەرجی سەرەکی. ئەم مەرجانەش بریتی بوون لە درێژکردنەوەی ئینتیدابی بەریتانیا لەسەر عێراق بۆ نزیکەی ٢٥ ساڵ لەپێناو دڵنیایی لە سەقامگیری، هاوکات پێدانی گەرەنتیی تایبەت بە کوردەکان لە بوارەکانی کارگێڕی، خوێندن و بەکارهێنانی زمانی کوردی. ڕاپۆرتەکە بە ڕستەیەکی چارەنووسساز هۆشداریدا؛ جێبەجێنەکردنی ئەم مەرجانە یان کۆتاییهاتنی پێشوەختەی ئینتیداب، ڕەنگە پاڵ بە زۆرینەی کوردەوە بنێت، حوکمی تورکیا لە مانەوە لە دەوڵەتێکی عێراقیی ناسەقامگیر بە باشتر بزانن(کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٩٠)؛ (League of Nations, 1925, p. 90) هاوکات لەگەڵ ئەم گەرەنتییە نێودەوڵەتییانە، دژبەیەکییەکی بەرچاو لە پروپاگەندەی ناوخۆیی بەریتانیا بەدیکرا؛ بەریتانیا لە ڕێگەی ڕۆژنامەی

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

(ژيانەوە)ی سلێمانییەوە هەوڵی نیشاندانی خواستێکی نیشتمانیی بێ مەرجی کوردەکانی دەدا. ئامانجی سەرەکیی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە ئامادەکردنی زەمینەی دەروونیی دانیشتووان بوو، پێش هاتنی لێژنەی لێکۆڵینەوە، تاوەکو کوردەکان وەک لایەنگری پەرۆشی لکاندن بە عێراقەوە وێنا بکرێن؛ ئەم ئامرازە میدیاییە هاوکات وێنەی تورکیای لەبەرچاوی کورد ناشرین کرد و ئایندەی کوردانی لە ناو دەوڵەتی عێراقدا بە گەشاوە وێنا کرد (مەحمود، ٢٠٢١، ل ١٦٥).

ڕاپۆرتی لێژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان هەنگاوێکی بنەڕەتی بوو بۆ گواستنەوەی کێشەی موسڵ لە بانگەشەی دیپلۆماسییەوە بەرەو واقیعی مەیدانی ؛ ئەم ڕاپۆرتە بانگەشەکانی بەریتانیا و تورکیای بە بێ بنەما سەلماند؛ چونکە هیچ کامێکیان پشتگیریی "یەکدەنگیی" کوردیان بۆ لکاندن بە دەوڵەتەکانیانەوە نەبوو. لێژنەکە بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، خواستی کوردی بۆ ئۆتۆنۆمی وەک داواکارییەکی ڕەوا ناساند و لکاندنی موسڵی بە عێراقەوە، کردە بابەتێکی مەرجدار؛ ئەم مەرجانەش وەک "ئامۆژگاریی تایبەت" بۆ دابینکردنی گەرەنتیی فەرمی بۆ کورد داڕژرابوون (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٤٧). بەپێی ڕووماڵەکانی ڕۆژنامەی (تایمز)، ئەنجامەکانی ئەم ڕاپۆرتە دەنگدانەوەیەکی ئەرێنیی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا هەبوو؛ بەتایبەت کورد و یەزیدییەکانی ناوچە دوورەدەستەکان ڕەزامەندیی زۆریان نیشاندا. ئەم متمانە جەماوەرییە لەوەوە سەرچاوەی گرت؛ کوردەکان لکاندن بە عێراقیان وەک تاکە ڕێگەی پاراستن لە دەسەڵاتی تورکیا دەبینی. بەراوردکردنی بارودۆخی ناوخۆی عێراق لەگەڵ "چارەنووسی تاڵی کورد لە تورکیا"، مەیلێکی زیاتری بۆ مانەوە لە ناو دەوڵەتی عێراقدا دروستکرد؛ بەتایبەت ڕووداوەکانی وەک لەسێدارەدانی "شێخ عەبدولقادر" و ڕەفتاری توندی حکومەتی تورکیا بەرامبەر شێخە ئایینییەکان، کاریگەرییەکی قووڵی نەرێنیی لەسەر دەروونی کوردانی ویلایەتی موسڵ بەجێهێشت. بێمەیلیی تورکیا بۆ پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی، وایکرد کورد و مەسیحییەکان گەڕانەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی ئەنقەرە بە "مەحاڵ" بزانن؛ هەر بۆیە ناسیۆنالیستە میانڕەوەکانی عێراق مەرجی درێژکردنەوەی ئینتیدابیان بۆ ٢٥ ساڵ قبوڵکرد؛ چونکە ئەمەیان وەک گەرەنتییەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی عێراق و کورد لە بەرامبەر هەڕەشەکانی تورکیا دەبینی.(The Times, 1925b, p. 3)

## ٣ .دامەزراندنی گەرەنتییەکان و کارگێڕیی ناوچە کوردییەکان (١٩٢٥-١٩٢٦)

دوای ئەوەی لێژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان لە تەممووزی ١٩٢٥دا ڕاپۆرتە چڕەکەی لەسەر ویلایەتی موسڵ پێشکەشکرد؛ ئەنجومەنی کۆمەڵەکە لە ١٦ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا بڕیارێکی مێژوویی دەرکرد. بەپێی بڕیارەکە ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە لکێندرا،



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەڵام ئەم هەنگاوە "بێ مەرج" نەبوو؛ بەڵکو ئەنجومەن بە پشتبەستن بە ئامۆژگارییەکانی لێژنەی لێکۆڵینەوە، بڕیارەکەی بە دوو مەرجی سەرەکییەوە گرێدا.مەرجی یەکەم درێژکردنەوەی ماوەی ئینتیدابی بەریتانی بوو لەسەر عێراق بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ. مەبەست لێی دڵنیابوونەوە بوو لە پاراستنی مافی کەمینەکان. مەرجی دووەمیش پێدانی گەرەنتیی تایبەت بوو بە کوردەکان لە بوارەکانی کارگێڕی، زمان و مافە فەرهەنگییەکاندا. لێژنەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا بە ڕاشکاوی پێشنیاری کرد؛ کە دەبێت بەڕێوەبەرانی ناوچە کوردییەکان لە نەتەوەی کوردبن ، هەروەها کاروباری یاسایی و پەروەردە ڕێک بخرێت و زمانی کوردیش وەک زمانی فەرمیی خزمەتگوزارییەکان بناسرێت (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١٣).

ئەم بەشەی توێژینەوەکە شیکاریی ئەو چوارچێوە یاسایی و کارگێڕییە دەکات، کە لە ئەنجامی ئەم بڕیارەوە هاتە کایەوە. ئەم چوارچێوەیە لە پەیمانی ئەنگلۆ-عێراقیی ساڵی ١٩٢٦دا جێگیر کرا؛ ئامانجی سەرەکیشی سەقامگیرکردنی سنوورە نوێیەکان و ڕازیکردنی کۆمەڵەی گەلان بوو بۆ پاراستنی پێکهاتە کەمینەکان. لێژنەی لێکۆڵینەوە لە ئامۆژگارییە کۆتاییەکانیدا هۆشدارییدا لە جێبەجێکردنی ئەم گەرەنتییانە بۆ هێورکردنەوەی ناوچەکە و خۆشگوزەرانیی گەلەکەی (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٤٨). سەرباری ئەمانە لە کاتی دروستکردنی پێکهاتە کارگێڕییەکاندا، بەرپرسانی بەریتانیا ڕووبەڕووی دوو بەربەست بوونەوە: یەکەمیان، فشار خستنە سەر حکومەتی عێراق بوو؛ چونکە بەغدا ناڕازی بوو بەرامبەر نامەرکەزییەتی دەسەڵات. دووەمیان، گومان و دڵەڕاوکێی بەغدا بوو بەرامبەر گەشەکردنی هەستی ناسیۆنالیستیی کوردی؛ بۆیە بە گومانەوە سەیری ئەم گەرەنتییانەیان دەکرد (Great Britain Foreign Office, 1927, FO 371/12255). کارەکانی لێژنەی سنووری ساڵی ١٩٢٧ نموونەیەکی بەرچاوی ئەم قۆناغەیە؛ تێیدا ئاستەنگە لۆجیستی و سیاسییەکانی گۆڕینی "گەرەنتییە تایبەتەکان" بۆ واقیعێکی جێگیر لەسەر سنوورەکان بە ڕوونی دەرکەوتن (Great Britain Colonial Office, 1927, CO 730/119/10.

بڕیارەکەی کۆمەڵەی گەلان لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥دا بوونە خاڵی وەرچەرخان لە دۆزی کورددا؛ چونکە بۆ یەکەمجار مافەکانی کوردی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا جێگیر کرد. بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە مەرجدارە، حکومەتی بەریتانیا دەستی بە دانوستان کرد لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ واژۆکردنی پەیماننامەیەکی نوێ. ئەم ڕێککەوتنە لە ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦ لە بەغدا واژۆ کرا و بووە بنەمای یاسایی نوێی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات و مسۆگەرکردنی پابەندبوونەکانیان بەرامبەر کۆمەڵەی گەلان . (League of Nations, 1926, C. 141, p. 1) پەیماننامە نوێیەکە ماوەی ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٢٢ی بۆ ٢٥ ساڵ درێژ کردەوە؛ ئەمەش ڕێک جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردەیە بوو؛ لێژنەی

لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتەکەیدا جەختی لێ کردبووەوە. لێژنەکە ڕایگەیاندبوو: "بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی کورد و گەرەنتیی مافەکانیان، پێویستە ئینتیدابی بەریتانی بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ بەردەوام بێت(کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٤٧).گرنگیی ئەم خاڵە لە مانەوەی بەریتانیا وەک چاودێر و گەرەنتیکاری مافی کەمینەکان، بەتایبەت کورد، بۆ ماوەیەکی درێژتربوو. لەو چوارچێوەیەدا، حکومەتی بەریتانیا لە نامەیەکدا بۆ کۆمەڵەی گەلان پابەندیی خۆی بۆ هەموو بەڵێنەکانی ساڵی ١٩٢٤ دووپاتکردەوە؛ بە جۆرێک هەر گۆڕانکارییەک لە پەیماننامە نوێیەکەدا، پێویستی بە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان هەبوو (League of Nations, 1926, C. 141, p. 2, 4-5).

هەر لەم سۆنگەوە، حکومەتی بەریتانیا لە نیسانی ١٩٢٦دا، پەڕاوێکی سپیی دەربارەی ئیدارەدانی ناوچە کوردییەکان لەژێر سایەی حوکمی شا فەیسەڵ بڵاو کردەوە. ئەم بەڵگەنامەیە وەک وەڵامێکی فەرمی بۆ داواکاریی کۆمەڵەی گەلان ئامادە کرابوو؛ مەبەست لێی سەلماندنی پابەندیی بەریتانیا و عێراق بوو، بەو مەرجانەی لێژنەی لێکۆڵینەوە بۆ پاراستنی مافی کورد داوای کردبوون. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی ناو ئەم پەڕاوە، سیاسەتی "کورداندنی کارگێڕی" هەنگاوی بەرچاوی نابوو؛ بۆ نموونە لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و دارایی لە کۆی ٥٧ فەرمانبەر ٤٣ کەسیان کورد بوون، لە کەرتی دادوەریشدا لە کۆی ١٣ کاربەدەستی باڵا ١٠ کەسیان لە نەتەوەی کورد بوون (The Times, 1926, p. 13). ئەم سەرچاوەیە گەشەپێدانی زمانی کوردی وەک زمانی نووسین و فەرمی بۆ هەوڵی ئەفسەرە بەریتانییە ناوخۆییەکان گەڕاندەوە، لە کاتێکدا لە پێشتر زمانەکانی فارسی، تورکی و عەرەبی بۆ کاروباری فەرمی بەکار دەهێنران؛ بەڵام دوای بڕیارەکەی کۆمەڵەی گەلان، زمانی کوردی بووە زمانی فەرمیی بەڕێوەبردن، دادگا و خوێندن لە قوتابخانەکاندا. هاوکات سەرۆک وەزیرانی عێراق لە کاتی هاندانی نوێنەران بۆ واژۆکردنی پەیماننامەی نوێی ئەنگلۆ-عێراق ساڵی ١٩٢٦، جەختی لەسەر پێدانی مافی کوردەکان کردەوە و ڕایگەیاند؛ دەبێت کوردەکان کاربەدەستیان لە خۆیان بێت و منداڵەکانیان بە زمانی دایکی بخوێنن. ئەم گوتارانە گوزارشتیان لە هەوڵی بەریتانیا کرد بۆ شەرعیەتدان بە ئیدارەی نوێی عێراق لە ناوچە کوردییەکاندا (The Times, 1926, p. 13).

بەڵگەنامەکانی ساڵی ١٩٢٧ ئاماژەیان بە ڕووبەڕووبوونەوەی "پاراستن و چاودێریی" بەریتانیا لەگەڵ ئاستەنگی مەیدانی و کارەکانی سنووری نوێ کردوە؛ بەجۆرێک لێژنەی سنوور پێشوەختە گومانی لە مانەوەی سەقامگیریی کورد دوای دەرچوونی بەریتانیا هەبوو، لەبەر بێمتمانەیی بە دەسەڵاتدارانی بەغدا لە ئاست ڕێزگرتن لە ڕێککەوتنامەکان (Great Britain Colonial Office, 1927, CO 730/119/10). ئەم دڵەڕاوکێیانە لە ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکاندا ڕەنگی دایەوە و جەختیان لە مەترسییەکانی سەر

ئاییندەی کارگێڕیی ناوچە کوردییەکان کردەوە (Great Britain Foreign Office, 1927, FO 371/12255). هاوکات، حکومەتی بەریتانیا بە مەبەستی سەلماندنی پابەندیی بەغدا بە مەرجەکانی لێژنەی لێکۆڵینەوە، یاداشتێکی وردی سەبارەت بە "کارگێڕیی ناوچە کوردییەکان لە عێراق" پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کرد؛ لێژنەکەش جێبەجێکردنی ئەم گەرەنتییانەی بۆ هێورکردنەوەی ناوچەکە و پاراستنی مافی کورد بە پێویست دەزانی (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٤٨). یاداشتنامەی ناوبراو سێ بنەمای سەرەکیی وەک دامەزراندنی کاربەدەستی کورد، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دامەزراوە دادوەری و پەروەردەییەکان و ناساندنی وەک زمانێکی فەرمیی خزمەتگوزاری لە ناوچە کوردییەکان لەخۆ گرت (League of Nations, 1926, C. 141, p. 7). لێژنەی لێکۆڵینەوە هۆشداریيدا لەوەی فەرامۆشکردنی ئەم سێ بنەمایە، پاڵ بە کوردەوە دەنێت بۆ پاشەکشە لە خواستی مانەوە لە ناو دەوڵەتی عێراقدا (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٩٠). سەرەڕای ئەمە، ڕاپۆرتە ناوخۆییەکانی ساڵی ١٩٢٧ ململانێی بەردەوامی نێوان پشکنەرە کارگێڕییە بەریتانییەکان و حکومەتی ناوەندییان ئاشکرا کرد؛ چونکە بەغدا جێبەجێکردنی ئەم جۆرە لامەرکەزییەتییەی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکێتیی عێراق دەبینی (Great Britain Foreign Office, 1927, FO 371/12255)

لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٧دا، پەیوەندییەکانی نێوان بەریتانیا و عێراق پێیان نایە قۆناغێکی نوێوە. ڕۆژنامەی (تایمز) لە ڕاپۆرتێکی ورددا ئاماژەی بە ناساندنی فەرمیی عێراق وەک "دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و سەربەخۆ" دا؛ ئامانج لەم دانپێدانانە سیاسییەش، هێورکردنەوەی ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی بەغدا بوو. بەڵام ڕۆژنامەکە تیشکی خستە سەر بڕیارە هەستیارەکەی بەریتانیا بۆ دواخستنی پاڵپشتیی چوونە ناوەوەی عێراق بۆ کۆمەڵەی گەلان تا ساڵی ١٩٣٢. ئەم سەرچاوەیە ڕەخنەی لە حکومەتەکەی شا فەیسەڵ و جەعفەر پاشا گرت؛ چونکە بایەخی پێویستیان بە ڕای گشتی و هەستی پێکهاتەکان نەدابوو. ڕۆژنامەی (تایمز) بە ڕاشکاوی ئاماژەی بە "کەمینە بەهێزەکەی کورد لە باکوور" کرد و هۆشداریيدا لەوەی پێویستە حکومەتی بەغدا پێش دەرکردنی یاسا نیشتمانییەکان، بە وردی لێکۆڵینەوە لە هەست و خواستی "کوردانی موسڵ" بکات. هاوکات، ڕاپۆرتەکە ڕەهەندێکی ئابووریی یەکلاکەرەوەی ئاشکرا کرد؛ ئەویش پرسی دۆزینەوەی نەوت بوو بە بڕێکی زۆر. گەشبینی بە دۆزینەوەی نەوت کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر داڕشتنی پەیماننامە نوێیەکە هەبوو. ئەمەش دەری دەخست؛ بەریتانیا لە پشت پەردە باسی سەروەریی عێراق دەکات و هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی لە ناوچە کوردییەکان دەدا تا ئاستی بەرپرسیارێتیی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگیر بکات (The Times,

1927, p. 13).لەسەر بنەمای ئەم زانیارییانەی ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەی (تایمز)، دەکرێت بگوترێت؛ بەرژەوەندییە ئابوورییە نەوتییەکان یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی بەریتانیا بوون بۆ لکاندنی باکووری عێراق (کوردستان) بە دەوڵەتی نوێوە. ڕۆژنامەی (تایمز) لە ئاداری ١٩٢٩دا، تیشکی خستە سەر یەکێک لە ئاڵۆزترین کێشە سیاسییەکانی عێراق؛ ئەویش پرسی چەسپاندنی یاسای "سەربازیی زۆرەملێ" بوو. بەپێی ڕاپۆرتەکە؛ کوردە نیشتەجێیەکانی ناوچە شاخاوییەکان گەورەترین بلۆکی بەرهەڵستکاری پرۆژەکەی حکومەتی بەغدا بوون. ئەم پێکهاتەیە تەنها ڕاهاتبوون بە ملکەچی بۆ دەسەڵاتی سەرۆک هۆزەکانی خۆیان؛ بۆیە هەر جۆرە دەسەڵاتێکی سەرووتر لە فەرمانڕەوایی نەرێتیی خێڵەکەیان ڕەتدەکردەوە (The Times, 1929, p. 11). سەرچاوەی ناوبراو ئاماژەی بە مەترسیی قووڵی کوردەکان کردبوو؛ بەوپێیەی یاسای سەربازیی زۆرەملێیان وەک ئامرازێک بۆ لاوازکردنی هەژموونی کۆمەڵایەتیی سەرۆک هۆزەکان و بەهێزکردنی ڕکابەرە سیاسییەکانیان لە شارەکان (ئەفەندییەکان) دەبینی. بەریتانیا لەم قۆناغەدا درکی بەوە کردبوو؛ هێنانە ناوەوەی کورد بۆ ناو بازنەی یاسا گشتییەکانی دەوڵەت، پێویستی بە ئیدارەیەکی یەکجار نەرم و لەسەرخۆ هەیە. دەرەنجام، ئەم ڕاپۆرتە دەری دەخست؛ پرۆسەی دەوڵەتسازی لە عێراقدا ڕووبەڕووی بەربەستی شوناسی ناوخۆیی ببووەوە؛ بەتایبەت لە ناوچە کوردییەکاندا کوردەکان ئامادە نەبوون ئۆتۆنۆمیی نەرێتیی خۆیان بکەنە قوربانی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتی لە عێراقدا.(The Times, 1929, p. 11)

## ٤ .دەرکەوتنی ناڕەزایەتی و گواستنەوەی دۆزەکە بۆ کۆمیسیۆنی ماندەیتەکان (١٩٣٠-١٩٣٢)

پڕیاری کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٢٥ و پەیماننامەی ١٩٢٦، بناغەیەکی یاسایی نێودەوڵەتییان بۆ پاراستنی مافی کورد داڕشت؛ بەڵام ساڵانی دواتر دژبەیەکیی نێوان مەرجە نووسراوەکان و واقیعی ژیانی کوردستانیان نیشاندا. لێژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان پێشتر هۆشداریی ئەوەی دابوو؛ نەمانی پاراستنی ئەخلاقیی بەریتانیا دەبێتە هۆی ئەوەی کورد ژێر دەستەبێ لە عێراقدا (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١٦). ئەم مەترسییانە لەگەڵ نزیکبوونەوەی سەربەخۆیی عێراق و کۆتاییهاتنی ئینتیداب زیاتر بەرجەستە بوون؛ چونکە نیگەرانییەکانی کورد بەهۆی فەرامۆشکردنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانیان لەلایەن بەغداوە ڕووی لە زیادبوون کرد. ڕاپۆرتی ١٩٣٠ی حکومەتی بەریتانیا بۆ کۆمەڵەی گەلان دەریخست؛ گفتوگۆکانی پەیماننامەی نوێی ئەنگلۆ-عێراق وەرچەرخانێکی مەترسیدار بوو بۆ کورد. چونکە کوردەکان تێگەیشتن چاودێریی بەریتانیا بەرەو کۆتایی دەچێت و تووشی دڵەڕاوکێ بوون. ترسی سەرەکی لەوەدا بوو؛ ئەو ئیمتیازاتانەی ساڵی ١٩٢٥ فەراهەم کرابوون، چیتر پارێزراو نەبن؛ بەتایبەت دوای ئەوەی پەرلەمانتارێکی کورد لە شوباتی ١٩٣٠ پرسیاری

گەرەنتیی مافەکانی کرد و دەرکەوت پەیماننامە نوێیەکە بەهۆی سروشتی نێوان دوو دەوڵەتی سەربەخۆ، هیچ دەقێکی بۆ پاراستنی کەمینەکان تێدا جێگیر نەکراوە. وەک هەوڵێک بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە، حکومەتی بەریتانیا و عێراق پەنایان بۆ چەند ڕێکارێکی کارگێڕی برد؛ لەوانەش دەرکردنی یاسای زمانە خۆجێییەکان(٤)، کورداندنی بەشێک لە ئیدارە و دامەزراندنی نووسینگەی وەرگێڕان لە بەغدا. سەرەڕای ئەم هەنگاوانە، بڵاوبوونەوەی دەقی پەیماننامەکەی نێوان عێراق و بەریتانیا لە حوزەیرانی ١٩٣٠ شەپۆلێکی ناڕەزایەتی و سکاڵانامەی بۆ کۆمەڵەی گەلان بەدوای خۆیدا هێنا؛ چونکە کوردەکان بێ گەرەنتیی نێودەوڵەتی متمانەیان بە بەڵێنە زارەکی و کارگێڕییەکان نەبوو (Great Britain Colonial Office, 1931, p. 24).

## ٤-١ سکاڵا کوردییەکان: دەنگێکی نوێی ناڕەزایەتی:

کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ماندەیتەکان لە ساڵی ١٩٣٠دا، ڕووبەڕووی شەپۆلێکی سکاڵای ڕێکخراوی نوێنەران و سەرۆک هۆزە کوردەکان بووەوە. ئەم سکاڵایانە وێنەیەکی ڕوونی نائومێدی و ناڕەزایەتیی قووڵی کۆمەڵگەی کوردیان بەرجەستە کرد. بۆ نموونە؛ سەرۆک هۆزەکانی داودە لە لیوای کەرکووک لە (٢٤ی ئابی ١٩٣٠) دژی ڕێکاری زۆردارانەی کاربەدەستانی عەرەب و تورکمان وەستانەوە. ئەوان لە یاداشتەکانیاندا ئەم کاربەدەستانەیان بە "نامۆ" وەسفکرد؛ هەربۆیە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆیان لەژێر ئینتیدابی بەریتانیادا کرد (Government, 1931, C.P.M. 1140, p. 3-4) . هاوکات شێخ مەحموودی حەفید و سەرکردەکانی پشدەر لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٠دا، لە سکاڵایەکی تری گرنگدا داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییان لە زاخۆوە تا خانەقین کرد. ئەوان بڕیاری جیابوونەوەیان لە عەرەب دا؛ هۆکارەکەش پشتگوێخستنی مافەکانیان بوو لە پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ی نێوان بەریتانیا و عێراق (Government, 1931, C.P.M. 1140, p. 16, 19, 25). لێرەوە دژبەیەکیی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد بە ڕوونی دەرکەوت. ئەم حکومەتە لە کاتێکدا لە جنێڤ کوردانی وەک نەتەوەیەکی خاوەن ماف دەناساند، کەچی لە ناوخۆی سلێمانی و لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)وە بە فەرمانی ئینگلیزەکان هێرشی توندی دەکردە سەر شێخ مەحموود. ڕۆژنامەکە لە ناوزەندکردنی شێخ مەحموود بە 'چەتە و جەردە' سڵی نەدەکردەوە؛ چونکە شێخ بەرهەڵستی پرۆژەی لکاندنی موسڵی بە عێراق دەکرد (مەحمود، ٢٠٢١، ل ١٦٦).واژۆکردنی پەیماننامەی نوێی نێوان بەریتانیا و عێراق لە حوزەیرانی ١٩٣٠، ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لە ناو کورد و مەسیحی و یەزیدییەکاندا دروستکرد. ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی بەریتانیا هۆکاری ئەم دۆخەیان بۆ فەرامۆشکردنی گەرەنتییەکانی مافی کەمینەکان لە دەقی پەیماننامەکەدا گێڕایەوە؛ ئەو مەرجانەی لێژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٢٥دا وەک بنەمای لکاندنی

موسڵ بە عێراق دیاریی کردبوون .(The Near East, 1930d) کوردەکان ئەم هەنگاوەیان وەک "شکاندنی بەڵێن" و "پاشەکشەی ئەخلاقیی بەریتانیا" وەسفکرد ..(The Times, 1930d) ناڕەزایەتییەکان لە ئەیلوولی ١٩٣٠دا گەیشتنە لوتکە؛ ئەو کاتەی خۆپیشاندانی بەرفراوان لە شاری سلێمانی دژی هەڵبژاردنە گشتییەکان ئەنجامدرا. ئەم ڕووداوە ناسراو بە "پێکدادانی بەردەرکی سەرا"، بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی، لەم ڕووداوە ١٣ کەس کوژران و دەیان کەسی دیکەش بریندداربوون ؛ ئەوەش لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکانی عێراق بوو . (The Times, 1930b)ڕۆژنامەکانی بەریتانیا ئەم ڕووداوەیان وەک "زەنگێکی مەترسیدار" بۆ بەغدا و لەندەن وێنا کرد؛ چونکە بە ڕوونی نیشانیدا کوردەکان بێ گەرەنتیی نێودەوڵەتی ئامادەی چوونە ناو پرۆسەی سیاسی نین ..(Observer, 1930) پێکدادانەکانی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی شاری سلێمانی وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو. بایکۆتکردنی ڕاپرسیی پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی ئەنگلۆ-عێراق لە لایەن زۆرینەی کوردانی ئەو شارەوە، زەمینەی ناڕەزایەتییە توندەکانی خۆشکرد. خۆپیشاندانێکی بەرفراوان لە بەردەم بینای سەرا ئەنجام درا؛ دواجار بەهۆی دەستوەردانی هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە توندوتیژیی لێکەوتەوە. خاتوو حەفسەخانی نەقیب لە ٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠ بە تەلەگرافێک سکاڵای گەیاندە حکومەتی بەریتانیا. ناوبراو ئیدانەی بەکارهێنانی گوللە و چەکی قورسی دژی خەڵکی سڤیل کرد .(Government, 1931, C.P.M. 1140, p. 11, 23) حکومەتی بەریتانیا لە وەڵامە فەرمییەکانیدا خۆپیشاندەرانی وەک "ئاژاوەگێڕ" ناساند (Government, 1931, C.P.M. 1140, p. 28, 31) .هاوکات، تێلێگرامە نهێنییەکانی کۆمیسیۆنی باڵا، مەترسییەکی گەورەتریان ئاشکرا کرد. حکومەتی عێراق بۆ سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان پشتی بە هێزی سەربازیی بەریتانیا بەستوە. ئەم دۆخە ئەگەری تێوەگلانی بەریتانیای لە جەنگێکی درێژخایەنی داگیرکاری دروستکرد؛ ئەمەش کارێک بوو، بە تەواوی دژی خواستە نێودەوڵەتییەکان بوو لەو کاتەدا . (Great Britain Colonial Office, 1930, CO 730/7) سەرەنجام، ئەولەویەتی بەریتانیا بۆ دەرچوونێکی دیپلۆماسیی ئاسان، بووە هۆی سەرکوتکردنی ئەو "ئیرادە کوردییەی" لێژنەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی ١٩٢٥دا داکۆکیی لێ کردبوو..حکومەتەکەی نوری سەعید و جەعفەر عەسکەری لەژێر فشاری بەریتانیا و بە مەبەستی هێورکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان، چەند ڕێکارێکیان گرتەبەر. لە ڕێگەی ناردنی شاندێکی وەزاری بە فڕۆکە بۆ ناوچە کوردییەکان . لەم هەنگاوانە؛ ئامانجیان لێی دڵنیاکردنەوەی سەرۆک هۆزەکان بوو لە پاراستنی مافەکانیان .(Daily Mail, 1930, p. 92) لەم چوارچێوەیەدا، کاراکردن و چەسپاندنی یاسای ژمارە (٧٤)ی زمانە خۆجێییەکان وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ پووچەڵکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان بەکارهێنرا؛ هەرچەندە ناسیۆنالیستە عەرەبە توندڕەوەکان ئەمەیان وەک "هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی عێراق" لێکدەدایەوە (Davoser Blatter,

ئەم پێداگرییەی1930, p. 92; Manchester Guardian, 1930, p. 31).
بەریتانیا بۆ جێگیرکردنی یاساکە لە ساڵی ١٩٣١، بەشێک بوو لە ستراتیژییەکی داڕێژراو تاوەکو کۆمەڵەی گەلان بێدەنگ بکات و پاساوەکانی بەردەم سەربەخۆیی عێراق لاببات (Great Britain Foreign Office, 1931, FO 371/15311).

## ٢-٤ :داواکاری بۆ حکومەتی خۆجێیی و بەرپەرچدانەوەی بەریتانیا

دوای ڕووداوەکانی سلێمانی، هەوڵە دیپلۆماسییەکانی کورد شێوازێکی ڕێکخراوتر و یاسایی وەرگرت. تۆفیق وەهبی ، موتەسەڕیفی سلێمانی، وەک "نوێنەری گەلی کورد لە کوردستانی باشوور"، سکاڵایەکی وردی گەیاندە کۆمیسیۆنیماندەیتەکان. ئەم سکاڵایە لە بەڵگەنامەی C.P.M. (1192ی کۆمەڵەی گەلاندا تۆمار کرا. وەهبی داواکارییەکانی کوردی لە ئاستی سەربەخۆییەوە بۆ داوایەکی واقیعیتر هێنابووە خوارەوە؛ ئەویش داواکاری "حکومەتی خۆجێیی" بوو لەژێر سەروەریی دەوڵەتی عێراقدا. ئامانجی ئەم حکومەتە دابینکردنی ئازادیی زمانی و پەروەردەیی و پاراستنی کورد بوو لە چەوساندنەوە (British Government, 1931, C.P.M. 1192, p. 3). لێرەدا وەهبی پشتی بە دەرەنجامەکانی لێژنەی لێکۆڵینەوەی ساڵی ١٩٢٥ بەستبوو؛ لێژنەی ناوبراو پێشتر دانی بە سەربەخۆیی نەتەوەیی و شوناسی ئاریی زمانەکەیدا نابوو (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ١٣).

هەر لەم سۆنگەیەوە، وەهبی جەختی لە جیاوازیی ناسنامەیی کورد و عەرەب کردەوە و ڕایگەیاند؛ "کورد عەرەب نییە". ئەو بۆ سەلماندنی دۆزەکەی، ئاماژەی بە جیاوازییە فەرهەنگییەکانی وەک پرسی ئازادیی ژنان و پشتگوێخستنی ناوچە کوردییەکان لە بوارەکانی تەندروستی و پەروەردە کرد (British Government, 1931, C.P.M. 1192, p. 3). بەڵام حکومەتی بەریتانیا لە تێبینییەکانیدا هەوڵیدا بەهای ئەم داواکارییە کەم بکاتەوە. ئەوان بەو بیانووەی تەنها ١٧ کەسایەتی مۆڵەتنامەکەیان بۆ وەهبی واژۆ کردووە، گومانیان خستە سەر نوێنەرایەتییەکەی و ئاماژەیان بەوە کرد؛ ناوبراو نوێنەرایەتیی ٨٠٠ هەزار کورد ناکات (British Government, 1931, C.P.M. 1192, p. 10-11). دواجار بەریتانیا ڕایگەیاند بە توندی دژی هەر جۆرە حکومەتێکی خۆجێیی فراوان دەوەستێتەوە. وەڵامی ئەوان جەختکردنەوە بوو لەسەر ناساندنی کوردەکان تەنها وەک "عێراقی" و پێویستیی توانەوەیان لە ناو دەوڵەتدا (British Government, 1931, C.P.M. 1192, p. 12-13).

لە ساڵی ١٩٣٢دا، بەریتانیا هەنگاوی کۆتایی بۆ کۆتاییهێنان بە ئەرکەکەی هێنا. ئەم بڕیارە دەیان ساڵ پێش ئەو وادەیەیە، کە لێژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٢٥دا وەک مەرج دیاری کردبوو. لێژنەکە پێشتر جەختی کردبووەوە لەسەر ئەوەی؛ بۆ پاراستنی کورد پێویستە

ئینتیداب بۆ ٢٥ ساڵ بەردەوام بێت (کۆمەڵەی نەتەوەکان، ٢٠١٢، ل ٢٤٧). کشانەوەی بەریتانیا لە عێراق "چارەنووسێکی نادیار"ی بۆ کورد دروستکرد. کۆمیسیۆنی ماندەیتەکان نیگەرانیی قووڵ دەربڕی و پرسیاری لەوە کرد، کە ئایا ئەو "ئاواتە ڕاستەقینانەی لە ساڵی ١٩٢٥دا بۆ کورد دیاری کرابوون، دەکرێنە قوربانیی بەرژەوەندییە سیاسییەکان؟ (Great Britain Colonial Office, 1931, CO 730/169/8). بەم شێوەیە، ململانێکە لە گۆڕەپانی سەربازییەوە بۆ گۆڕەپانی دیپلۆماسی و یاسایی گوازرایەوە. هەرچەندە داواکارییەکان ڕەتکرانەوە، بەڵام پرسی کورد وەک کێشەیەکی نێودەوڵەتیی چارەسەرنەکراو لەسەر مێزی کۆمەڵەی گەلان مایەوە.

دەرەنجامەکانی توێژینەوە:

١ .توێژینەوەکە دەریخست، دۆزی کورد لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی گەلاندا (١٩٢٤-١٩٣٢)، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی بەسەردا هاتوە؛ لە کێشەیەکی "دیمۆگرافی و ئاماری" لە ململانێی سنووری نێوان بەریتانیا و تورکیادا، بۆ دۆسیەیەکی "یاسایی و سیاسی" سەبارەت بە مافی کەمینەکان و گەرەنتییە نێودەوڵەتییەکان.

٢ .ڕاپۆرتی لێژنەی لێکۆڵینەوەی ساڵی ١٩٢٥ وەک یەکەم بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیی فەرمی ناسێندرا کە شوناسی نەتەوەیی کوردی وەک گەلێکی سەربەخۆ چەسپاند و بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند، کورد نە تورکە و نە عەرەب، بەڵکو نەتەوەیەکی ئارییە و خاوەن زمان و تایبەتمەندیی خۆیەتی.

٣ .توێژینەوەکە ئەوەی سەلماند، بەریتانیا جۆرێک لە "پراگماتیزمی سیاسی" پەیڕەو کردووە؛ بەجۆرێک لە لایەک شوناسی جیاوازی کوردستانی بۆ داپرینی موسڵ لە تورکیا بەکارهێناوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە دوای دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی، هەوڵیداوە گەرەنتییە نێودەوڵەتییەکان بۆ چەند چاکسازییەکی کارگێڕیی سنووردار کەم بکاتەوە.

٤ .لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بڕیارێکی " مەرجدار" بووە، کە ڕەوایەتییەکەی بەسترابووەوە بە پێدانی مافی کارگێڕی، زمان و پەروەردەیی بە کورد و درێژکردنەوەی ئینتیداب بۆ ٢٥ ساڵ بۆ دڵنیایی لە پاراستنی ئەو مافانە.

٥ .لە توێژینەوەکەدا دەرکەوت ، ڕاپرسییەکانی ساڵی ١٩١٩ و ١٩٢١، کە بەریتانیا وەک بەڵگەی "کۆدەنگیی کورد" نیشانی دەدات، لە ڕاستیدا مەرجدار بوون و کوردەکان تەنها بە مەرجی مانەوەی چاودێریی بەریتانیا و دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانیان ڕازی ببوون بە لکاندن بە عێراقەوە.

٦ .توێژینەوەکە تیشکی خستە سەر ڕۆڵی گرنگی "سکاڵانامە فەرمییەکان" کە لە لایەن سەرکردە کوردەکانەوە بۆ کۆمیسیۆنی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

ماندەیەتەکان نێردران؛ ئەم هەوڵە دیپلۆماسییانە توانییان دۆزی کورد وەک پرسێکی نێودەوڵەتیی زیندوو لە جنێڤ بهێڵنەوە.

٧ .بەڵگەنامە ئەرشیفییەکان دووفاقیی سیاسەتی بەریتانیایان دەرخست؛ لە کاتێکدا لە کۆمەڵەی گەلان داکۆکییان لە مافی کورد دەکرد، لە ناوخۆدا پشتیوانیی حکومەتی عێراقیان دەکرد لە سەرکوتکردنی دەنگە ناڕازییەکان و وێرانکردنی گوندەکان لە ڕێگەی هێزی ئاسمانییەوە.

٨ .توێژینەوەکە ئاشکرایکرد ، بارودۆخی سیاسی و سەرکوتکارییەکانی ناوخۆی تورکیا کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر مەیلی کوردانی باشوور بۆ عێراق.

١٠ .لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی، بەئەندامبوونی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی(١٩٣٢)، لەسەر حیسابی گەرەنتییە ڕاستەقینەکانی کورد بووە؛ هەرچەندە بەیاننامەی مافی کەمینەکان واژۆ کرا، بەڵام کشانەوەی "پاراستنی ئەخلاقیی" بەریتانیا، کوردستانی بەرەو قۆناغێکی درێژخایەن لە ململانێ و ناسەقامگیری برد ،کە ڕەگی لەو بڕیارانەی کۆمەڵەی گەلاندا بوو.

پەراوێزەکان:

١ .میساقی میللی (پەیمانی نەتەوەیی تورکیا): بەڵگەنامەیەکی سیاسی بوو کە تێیدا تورکیا ویلایەتی موسڵی بە بەشێک لە خاکی خۆی دادەنا. جەختی لەوە دەکردەوە کە ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتووانەکەیان موسڵمانن (تورک و کورد)، وەک یەک یەکەی دانەبڕاو دەبینرێن. تورکیا لە ڕێگەی ئەم میساقەوە کوردی وەک بەشێک لە نەتەوەی ئیسلامی پۆلێن دەکرد، تاوەکو شەرعیەت بداتە داواکارییەکانی بۆ ڕێگریکردن لە داپرانی موسڵ لە خاکی تورکیا(Öke, 1991, p. 45) .

٢ .ڕۆژنامەی ژیانەوە: ڕۆژنامەیەکی فەرمیی حکومی بوو کە یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٢٤ بڵاوکرایەوە (هەندێک سەرچاوە ئاماژە بە ساڵانی پێشتر دەکەن وەک بەردەوامیی ڕۆژنامەکانی پێشوو). شاعیری گەورە (پیرەمێرد) سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی بوو. ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بوو. دوای ڕاوەستانی، شارەوانیی سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٦دا ڕۆژنامەی (ژیان)ی لە شوێنی دەرکرد و پیرەمێرد وەک سەرنووسەر لە کارەکەی بەردەوام بوو. (ساڵح و ساڵح، ٢٠٠٢، ل ٢)

٣ .تۆفیق وەهبی (١٨٩١-١٩٨٤): تۆفیق کوری مەعرووف ئەفەندی، ناسراو بە (وەهبی)، لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. خوێندنی ئامادەیی سەربازیی تەواو کردووە و لە کۆلێژی ئەرکان لە ئەستەمبوڵ وەرگیراوە. وەک ئەفسەری ڕوکن لە سوپای عوسمانیدا خزمەتی کردووە. لە ساڵی ١٩٣٠ بووەتە موتەسەڕیفی سلێمانی، بەڵام بەهۆی ڕووداوەکەی (٦ی

ئەیلوولی ١٩٣٠)ی بەردەرکی سەرا لە کارەکەی دوورخرایەوە. یەکێک بوو لە کەسایەتییە دیارەکانی کورد لە بواری زمانەوانی، مێژوو و سیاسەتدا. (توفیق، ٢٠٢١, ص ١٧٤)

٤ .یاسای زمانە خۆجێییەکان (ژمارە ٧٤ی ساڵی ١٩٣١): ئەم یاسایە هەنگاوێکی یاسایی و ڕێکخەری دەوڵەتی عێراق بوو بۆ دانان بە زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە تەک زمانی عەرەبیدا لەو ناوچانەی زۆرینەی کوردنشین بوون (بەتایبەت سلێمانی، هەولێر، کەرکووک و کفری). بەپێی ئەم یاسایە، زمانی کوردی کرا بە زمانی خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی و زمانی فەرمیی ڕاییکردنی مامەڵەکان لە دادگا و فەرمانگە کارگێڕییەکاندا. دەرچوونی ئەم یاسایە وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ پابەندییەکانی عێراق بەرامبەر بە "کۆمەڵەی گەلان" و هەوڵێک بوو بۆ هێورکردنەوەی داواکاریی نەتەوەیی کورد لە ناو دەوڵەتی عێراقدا . (ORSAM, n.d.)

## لیستی سەرچاوەکان

### ١ .بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی گەلان (League of Nations Documents - Geneva) :


- British Government (1931) Iraq: Petition, dated April 19, 1931, from Taufiq Wahbi Beg, with observations thereon. [Document No. C.P.M. 1192]. Geneva: League of Nations Archives.
- Geographical Section, General Staff (1921) Map of Eastern Turkey in Asia, Syria and Western Persia, with an Ethnographical Map to show distribution of races in Northern Iraq. [Document No. R2316/6A/22413/655]. Geneva: League of Nations Archives.
- Government of Great Britain (1931) Letter Transmitting Seven Original Petitions from or on behalf of Iraqi Kurds, with Preliminary Observations. [Document No. C.P.M. 1140]. Geneva: League of Nations Archives.
- League of Nations (1920) Treaty of Peace between the Allied and Associated Powers and Turkey (Treaty of Sèvres). Sèvres, August 10.
- League of Nations (1924) Question of the Frontier between Turkey and Iraq: Memorandum by the British Government. [Document No. C.396.1924.VII]. Geneva: League of Nations Archives.

- League of Nations (1925) Question of the Frontier between Turkey and Iraq: Report submitted to the Council by the Commission instituted by the Council Resolution of September 30th, 1924. [Document No. C.400.M.147.1925.VII]. Geneva: League of Nations.
- League of Nations (1926) Treaty between Great Britain and Iraq, signed at Baghdad on January 13th, 1926, and Memorandum concerning the administration of the Kurdish districts in Iraq. [Document No. C.141.1926.VII]. Geneva: Legal Section.
- Turkish Government (1924) Memorandum du Gouvernement Turc sur la Frontière entre la Turquie et l'Irak. [Document No. C.494.1924.VII]. Geneva: League of Nations Archives.

**٢. بەڵگەنامەکانی بەریتانیا - (The National Archives, UK Kew):**

- Great Britain, Colonial Office. (1927). Letter from the High Commissioner for Iraq to the Secretary of State concerning the Frontier Commission report, 4 April (CO 730/119/10). The National Archives, Kew, United Kingdom.
- Great Britain, Colonial Office. (1930a). Iraq - Situation of the Kurds - Various correspondence (CO 730/157/1). The National Archives, Kew, United Kingdom.
- Great Britain, Colonial Office. (1930b). Memorandum on Kurdish Policy and Administrative Guarantees (CO 730/157/6). The National Archives, Kew, United Kingdom.
- Great Britain, Colonial Office. (1930c). Secret Telegram from the High Commissioner of Iraq regarding the disturbances in Sulaymaniyah on September 6th (CO 730/7). The National Archives, Kew, United Kingdom.
- Great Britain, Colonial Office. (1931a). Special Report of the Permanent Mandates Commission to the Council of the League of Nations regarding the emancipation of Iraq, 12 November (CO 730/169/8). The National Archives, Kew, United Kingdom.
- Great Britain, Colonial Office. (1931b). Report by His Majesty's Government in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of Nations on the

Administration of 'Iraq for the Year 1930 (Colonial No. 62). His Majesty's Stationery Office.

- Great Britain, Foreign Office. (1927). Intelligence reports concerning the Kurdish movement in Iraq, Turkey, Syria and Persia (FO 371/12255). The National Archives, Kew, United Kingdom.
- Great Britain, Foreign Office. (1931). Documents regarding constructive measures in Kurdish areas and the Local Languages Law (FO 371/15311). The National Archives, Kew, United Kingdom.

### دووەم: کتێبی بەڵگەنامەیی:

ساڵح، ڕ. و ساڵح، س. (ئامادەکردن) (٢٠٠٢) ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (١-٨١)، بەرگی یەکەم. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

کۆمەڵەی نەتەوەکان (٢٠١٢) ویلایەتی موسڵ: ڕاپۆرتی لێژنەی کۆمەڵەی گەلان. وەرگێڕانی: محەمەد ئەمین حسەین عەلی. سلێمانی: چاپخانەی کاردۆ.

### سێیەم: کتێبەکان:(Books)

- عەلی، ع. (٢٠١٠) چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد. وەرگێڕانی: کامەران جەمال بابان زادە. سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.
- الحمداني، ح. ش. (٢٠٠٢) لمحات من تاريخ حركة التحرر الكوردية في العراق. أربيل: مطبعة وزارة التربية.
- حسين، ف. (١٩٥٥) مشكلة الموصل: دراسة في الدبلوماسية العراقية-الانكليزية-التركية وفي الرأي العام. بغداد: مطبعة المعارف.
- عيسى، ح. م. (١٩٩٢) المشكلة الكردية في الشرق الأوسط. بورسعيد: مكتبة الأمل.
- كوكس، ب. و دوبس، هـ. (١٩٥٤) صفحة من تاريخ العراق الحديث من سنة ١٩١٤-١٩٢٦: تكوين الحكم الوطني في العراق (مذكرتان خطيرتان). تعريب: بشير فرجو. بغداد: مطبعة المعارف.
- لازاريف، م. س. (٢٠١٣) المسألة الكردية ١٩١٧-١٩٢٣. ترجمة: عەبدی حاجی. ط٢. اربيل: دار ئاراس.

**چوارەم : ڕۆژنامەکان(Newspapers)**

- Daily Mail. (1930, August 12). British Action: Air dash to calm the Kurds.
- Davoser Blatter. (1930, May 9). The Kurds of Iraq.
- Glasgow Herald. (1930, August 12). The Middle East: Kurdish rebellion.
- Manchester Guardian. (1930, August 2). The Kurds and Iraq: A larger question.
- Observer. (1930, October 19). The Elections in Iraq: Fate of the Anglo-Iraq Treaty.
- The Near East. (1930a, October 2). The Future of Kurdistan: A dark outlook.
- The Near East. (1930b, September 4). Iraq and the Minorities: The Teleki Commission revisited.
- The Near East. (1930c, August 7). The Kurds of Iraq: Telegram to the League.
- The Near East. (1930d, July 10). Great Britain and Iraq: The new treaty conditions.
- The Times. (1919a, August 14 & 16). Armenian affairs: Armenia faces massacre.
- The Times. (1919b, November 20). The case of Kurdistan: state-making impossible.
- The Times. (1920a, January 9). The future Armenian state: protest against Turkish sovereignty.
- The Times. (1920b, January 8). The future of Turkey: the promise of liberation.
- The Times. (1920c, June 26). Future of Mesopotamia: Lord Curzon's statement.
- The Times. (1924a, April 3). A Parliament in Iraq.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

- The Times. (1924b, April 16). Constitutionalism in Iraq: new assembly at work.
- The Times. (1924c, November 21). Turkey and Iraq: The Mosul frontier.
- The Times. (1925a, February 10). Mosul Commission: The Turkish interpreters.
- The Times. (1925b, August 17). The Mosul Report: views in affected districts.
- The Times. (1926, April 12). Great Britain and Iraq.
- The Times. (1927, December 21). The Iraq Treaty.
- The Times. (1930a, September 3). Turkey and Iraq: Nuri Pasha’s visit to Angora.
- The Times. (1930b, September 12). Kurds' battle with Iraqi troops: Thirteen killed.
- The Times. (1930c, August 11). Southern Kurds: Iraqi Government’s Policy.
- The Times. (1930d, August 12). England and Iraq: The New Treaty (Letter to the Editor).
- The Times. (1930e, August 1). Iraq: Sir S. Hoare and the Treaty.

**پێنجەم : تێزی ئەکادیمی:(Theses)**

- Jalil, H. M. (2017). The British administration of South Kurdistan and local responses, 1918–1932 (Publication No. 39976) [Doctoral dissertation, University of Leicester]. Leicester University Research Archive. https://hdl.handle.net/2381/39976

**شەشەم: : توێژینەوەی زانستی:(Journals)**

- محمود، ب. س. (٢٠٢١) 'ڕەنگدانەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە ڕۆژنامەی ژیانەوەدا ١٩٢٤-١٩٢٦: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی'، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٥(٥)، ل. ١٦٤-١٨١. doi: 10.21271/zjhs.25.5.12 .
- توفيق، أ. ط. (٢٠٢١) 'توفيق وهبي رجل العلم والسياسية في العراق-دراسة تاريخية'، مجلة الآداب، العدد (١٣٧)، ملحق (٢).

- Beck, P. J. (1981). A tedious and perilous controversy: Britain and the settlement of the Mosul dispute, 1918–1926. Middle Eastern Studies, 17(2), 256–276. https://doi.org/10.1080/00263208108700471
- Demirci, S. (2010). Turco-British diplomatic manoeuvres on the Mosul question in the Lausanne Conference, 1922–1923. British Journal of Middle Eastern Studies, 37(1), 57–71. https://doi.org/10.1080/13530191003661138
- Şahin, O., & Akboğa, S. (2018). Ethnic identity and perceptions of the police in Turkey: The case of Kurds and Turks. Policing & Society, 29(8), 910–924. https://doi.org/10.1080/10439463.2018.1477777
- Tumanyan, T. G. [Туманян, Т. Г.]. (2016). Problema mosul'skogo vilayeta i anglo-turetskiy konflikt (1922–1926) [The problem of the Mosul vilayet and the Anglo-Turkish conflict (1922–1926)]. Konfliktologiya [Conflictology], (1), 112–125.